گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/dwfnbb65
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 20/06/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 30/11/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/03/2026

# کولتور وەک هێزی نەرم لە سیاسەتی بەڕۆمانیکردندا (٦٤ پێش زایین-١٣٨زایینی)

**فرصة احمد حسين**
farsat.hussin@soran.edu.iq
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کولتور وەک هێزی نەرم لە سیاسەتی بەڕۆمانیکردن ٦٤پێش زایینی-١٣٨زاینی)، توێژینەوەیەکی مێژوویی-شیکارییە، تیشک دەخاتە سەر بەکارهێنانی کولتور وەک هێزی نەرم لە سیاسەتی ڕۆمانیدا. توێژینەوەکە بە سود وەرگرتن لە تیۆری "هێزی نەرم" هەوڵدەدات تێگەیشتنێکی نوێ لە ستراتیژ و سیاسەتی زاڵبون لە دەوڵەتی ڕۆمانی بخاتەڕو، بە پێچەوانەی ئەو بۆچونە باوانەی وایدەبینن کە ڕۆما بە درێژایی مێژوی خۆی بە پلەی یەکەم پشتی بە هێزی سەربازی "هێزی ڕەق" بەستوە. ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین، ڕۆمانەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا نەک تەنها لە ڕێگەی داگیرکاری سەربازی و هەژمونی ئابورییەوە، بەڵکو هەوڵیانداوە لە ڕێگەی سەرنجراکێشیی کولتوری وەک هێزی نەرم باڵادەستی خۆیان بەسەر گەلانی ژێردەسەتە و ناوچە لکێندراوەکان بسەپێنن.
ئامانجی توێژینەوەکە بە پشت بەستن بە ڕێبازی مێژوویی-شیکاریی، مەبەستییەتی ئەوە نیشان بدات کە دەسەڵاتدارانی ڕۆمانی چۆن توخمە کولتورییەکانی وەک شارنشینی و شانۆ و گەرماوە گشتییەکانیان لە پاڵ ستراتیژییەکانی تر، و وەک بەشێک لە سیاسەتی دەرەوە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەکارهێناوە بەبێ ئەوەی بە بەردەوامی پشت بە هێزی سەربازی ببەستن. بە گشتی لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەردەخات کە سیاسەتی کولتوری ئامرازێکی کاریگەری دەسەڵات بوە لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕۆمانیدا، و بەو ئەنجامە دەگات کە ئەم دامەزراوە کولتوریانە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوە لە هێورکردنەوەی نارەزایەتییەکان لە لایەک، لە لایەکی تر ئاوێتەبون و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی بەبێ زۆرلێکردن و پەنابردنە بەر هێزی ڕەق.
**کلیلە وشەکان:** کولتور، هێزی نەرم، ستراتیژی سیاسی، بەڕۆمانیکردن، دەوڵەتی ڕۆمانی

# Culture as a Soft Power in the Policy Romanisation (64 BC-138 AD)

**Fursah Ahmad Hussein**
Department of Social Sciences, Faculty of Education, Soran University, Soran ,Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This research, entitled Culture as a Soft Power in Romanisation Policy (64 BC–138 AD), is a historical-analytic study that focuses on the use of culture as a soft power in Roman policies. In contrast to the commonly held belief that Rome had always depended mainly on the use of force, or "hard power", the research attempts to offer a new understanding on the strategy and policy of dominance of the Roman state through the application of the "soft power" theory. In terms of foreign policy, we assume that the Romans used cultural appeal as soft power in addition to economic hegemony and military conquest to establish their dominance over the conquered peoples and annexed lands.

Based on the historical-analytical approach, the study aims to demonstrate how Roman rulers employed cultural elements such as urbanisation, theatre and public baths alongside other strategies and as part of foreign policy to consolidate their authority without relying regularly on military force. Overall, the study demonstrates that cultural policy was a successful instrument of power in Roman policy and comes to the conclusion that these cultural institutions were successful in diminishing protests, integration and social interactions, and establishing central authority without the use of power.

**Keywords:** Culture, soft power, political strategy, Romanisation, Rome state

## ١.پێشەکی:

دەوڵەتی ڕۆمانی لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا، قۆناغێکی فراوانبونی خاک و سەقامگیری ڕێژەیی سیاسی و کولتوری بەخۆیەوە بینی. لە دەرەوەی هێزی سەربازی و هەژمونی سیاسیدا، ڕۆما ستراتیژییەکی وردتری پیادەکرد ئەویش هێزی نەرم، یان کاریگەریی نازۆرەملێیە، کە لەسەر بنەمای توخمی کولتوری و یەکگرتن و بڵاوبونەوەی شێوازەکانی ژیان بو. لەم چوارچێوەیەدا، ڕەگەزە کولتورییەکان بە تایبەتی شارنشینی، شانۆ و گەرماوە گشتییەکان بونە ئامرازێکی هەژمونی ڕۆمانی، کە هیچی کەمتر نەبو لە هێزی سەربازی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕۆما نەک تەنها چەکی بۆ فراوانخوازی و بنیاتنانی ئیمپراتۆریەتەکەی بەکارهێنا، بەڵکو ئامرازی کولتوریشی بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵات بەکاربردوە. ئەم فۆرمانەی پیادەکردنی ناڕاستەوخۆی هێز دەتوانرێت بە زاراوەی مۆدێرن بە "هێزی نەرم" وەسف بکرێت، چەمکێک کە تیۆریست (جۆزێف ناي)[١] بۆ وەسفکردنی سەرنجڕاکێشی و ڕازیکردنی دەوڵەتەکان دایڕشتوە. کە وای بۆ دەچین لە چوارچێوەی ڕۆمانیشدا، وەک توخمێکی هێزی نەرم لە ڕێگەی شارنشینی و تەلارسازی شانۆ و گەرماوە گشتیەکانەوە بەرجەستە بو.

**گرنگی توێژینەوە:** دەکرێت گرنگی توێژینەوە لە دو خاڵی سەرەکیدا بخەینەڕو، یەکەم: ئەم توێژینەوەیە بە گرنگیدان بە چەمکی هێزی نەرم، هەوڵدەدات تێگەیشتنێکی نوێ لە شێوازەکانی سیاسەتی زاڵبون لە ڕۆمادا دابینبکات. دوەم: گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکان لە سەردەمی کۆماری-ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەسەر لایەنە سەربازییەکان، کارگێڕییەکان، یان ئابورییەکانی دەسەڵات چڕبونەتەوە، گرنگییەکی کەمیان بە ڕۆڵی کولتور وەک فۆڕمێکی هێز و ئامرازێک بۆ هەژمونی ناڕاستەوخۆ داوە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە نیشان بدات، کە لە سەردەمی ڕۆمانیدا، دەوڵەتی ڕۆمانی جگە لە پیادەکردنی هێزی ڕەق بە شێوەیەکی بەرفراوان، سودی لە هێزی نەرمیش وەرگرتوە تا بتوانێ کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ناوچە داگیرکراو و لکێندراوەکان بهێڵێتەوە. هەروەها شیکاریی ئەوە دەکات، چۆن دەوڵەتی ڕۆمانی کولتوری وەک ئامرازێکی هێزی نەرم بەکارهێناوە، بە گرنگیدان بە سێ دامەزراوەی کولتوری: شارنشینی، شانۆ و گەرماوە گشتیەکان.

**تیۆری توێژینەوە:** چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای تیۆری هێزی نەرمی تیۆریست (جۆزێف نای)ە.

**گریمانەی توێژینەوە:** توێژینەوەکە ئەو گریمانەیە دەکات، ڕۆمانەکان نەک تەنها لە ڕێگەی داگیرکاری سەربازیی و ئابورییەوە (هێزی ڕەق)، بەڵکو لە ڕێگەی سەرنجڕاکێشیی کولتوری وەک (هێزی نەرم) لە ڕێگەی شوێنی نیشتەجێبون و بەکارهێنانی ژێرخانە کولتورییەکەی بە تایبەتی شار، شانۆ و گەرماوەکان، توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت.

**کێشە و پرسیاری توێژینەوە:** کێشەی لێکۆڵینەوە لە دەوری ئەم چەند پرسیارەی خوارەوە دەسوڕێتەوە:

هێزی نەرم چییە؟ جیاوازی نێوان هێزی نەرم و هێزی ڕەق چییە؟ ئایا ژێرخانی کولتوری وەک (شار و شانۆ و گەرماوەکان) چ ڕۆڵێکیان لە بەرهەمهێنانی هێزی نەرمی ڕۆمانی هەبوە؟ دەسەڵاتدارانی ڕۆمانی چۆن توخمە کولتورییەکانیان وەک ئامرازێک بۆ ڕازیکردن و چەسپاندنی باڵادەستی سیاسی وکولتوری خۆیان لەناوچە داگیرکراوەکاندا بەکارهێناوە؟

**توێژینەوەکانی پێشو:** تا ئەو جێگایەی ئێمە ئاگادارین لە توێژینەوەکانی پێشو، و دەستمان پێڕاگەیشتبێت و پەیوەستن بەم بابەتە ئەمانەی خوارەوەن:

١-لێکۆڵینەوەی لیو (Lyu) بە ناونیشانی ( The Soft Power Exertion of the Roman Empire in the Pax Romana Period: The Cases of the Iberian Peninsula and Southeast Asia). ئەم توێژینەوەیە سەرەتا لە ئامرازەکانی بەکارهێنانی هێزی نەرم لە یەکێک لە سەرکەوتوترین ئیمپراتۆریەتەکانی کۆن کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانە کۆڵیوەتەوە بە تایبەتی لەسەردەمی ئاشتی ڕۆمانی (Pax Romana) و دواتر بەدواداچونی بۆ دەرئەنجامە سیاسی و ئابورییەکانی دواتری هێزی نەرمی ڕۆمانی لە نیمچە دورگەی ئیبەری و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەکات. توێژەر بۆی دەرکەوتوە، بەکارهێنانی هێزی نەرم دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر کۆنترۆڵی سیاسی ناوخۆیی و ناوچە داگیرکراو و لەخۆگرتوەکان بەرز بکاتەوە و چالاکییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە ئاسان بکات.

٢- لێکۆڵینەوەی توێژەر ناپۆلی (Napoli) لە ژێر ناونیشانی ( "Soft Power" in the Roman Empire? A Reassessment of Cicero's" Vis Benevolentiae" Through Contemporary Political Science)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە نیشان بدات کە چەمکەکانی هێزی نەرم لە زانستی سیاسی هاوچەرخدا زۆر لە چەمکەکان دەچن کە سیسێرۆ-شیشیرۆ(Cicero) ١٠٦-٤٣ پێش زایین سیاسەتمەدار و وتاربێژی ڕۆمانی لە کۆتایی سەدەی یەکەمی پێش زاییندا دەریخستوە. پاشان نیشان دەدات کە چۆن دەتوانرێت ئەم چەمکانە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە کۆنەکان و سیاسەتی هاوچەرخ بەکاربهێنرێت. توێژەر نمونە و دۆسییەک لە یۆنانی کۆن لە سەدەی دوەمی پێش زایین باس دەکات، کە تێیدا پەیوەندییە دەرەکییەکانی ڕۆمانی لەسەر ئاستی کەسی شیدەکاتەوە.

وێرای ئەوەی هەردو توێژەر گرنگی زۆریان بە چەمکی هێزی نەرمی ڕۆمانی لە سیاسەتی ناوخۆی و دەرەوە داوە و زیاتر پشتیان بەها سیاسییەکان و سیاسەتی دەرەوە وەک دو ڕەگەزی هێزی نەرم بەستوە، کە لێرەدا جێی باس و خواسی ئەم توێژینەوە نین. ئەم توێژینەوەیە مەبەستییەتی ئەگەر بە ڕێژەیش بێت کەلێنی نێوان توێژینەوەکانی باس کراو پڕبکاتەوە

بە قسەکردن لەسەر بابەتی هەندێ ڕەگەزی کولتور وەک هێزی نەرم لە سیاسەتی ڕۆمانیدا وەک یەکێک لەو سێ پایەی هێزی نەرم کە جۆزیف نای باسی کردون.

## ٢.کولتور و هێز: ڕوانگەیەکی مەعریفی

### ١.٢.چەمکی کولتور

کولتور یەکێکە لەو چەمکانەی لە زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆییەکان زۆر بەکار دێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆدەنگییەکی ئەوتۆ سەبارەت بە پێناسەی ئەو لە گۆڕێدا نییە و توێژەران پێناسەی جۆراوجۆریان خستۆتە بەرچاو، کە زادەی ڕوانگە و تێگەیشتنە جیاوازەکانە و بە تێپەڕینی کات، مانا و چەمکی کولتور گۆڕانی بەسەرداهاتوە.

کولتور هەمو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستە بە مرۆڤەوە، هەمو ئەو شتانەی کە مرۆڤ بۆ پێداویستی خۆی و بە مەبەستی ئاسانکردنی ژیانی خۆی بەرهەمی هێناون، یان لە ژیانی ڕۆژانەدا دێنە بەردەم مرۆڤ لە پرۆسەیەکی بەردەوام و گشتگیردا (ئەحمەد، ٢٠٢٠: ٢١). تایلۆر (Taylor) لە کتێبەکەیدا کولتوری سەرەتایی (Primitive Culture) پێناسەی کولتور دەکات: ئەو کۆیە ئاڵۆزەیە کە زانین، باوەڕ، هونەر، ئەخلاق، یاسا، دابونەریت و هەر توانا و خویەکی دیکە کە مرۆڤ بەدەستی هێناوە لەخۆدەگرێت (نقلا عن، وديع، ٢٠٢٢: ٢٥). لە هەمان چوارچێوەدا، کولتور بونێکی جێگیر نییە، بەڵکو بونێکی دینامیکی و جوڵاوە کە لەگەڵ پەرەسەندنی کۆنتێکستە مێژویی و کۆمەڵایەتییەکان گەشە دەکات (وديع، ٢٠٢٢: ٢٥-٢٦). کەواتە بەش و توخمە ئاڵۆزەکانی بەهیچ شێوەیەک هاوسەنگ و جێگیر نین و لە چوارچێوەی فەزا و زەمەندا دەگۆڕێن. بە تێپەڕبونی کات هەندێک لە دابونەریتەکان لە نێو دەچن، هەندێکیان دەگۆڕێن و هەندێکیش لە کولتورە گەورەترەکاندا ئاوێتە دەبن، هەروەها زۆرجار پێویستییەکانی سەردەم و پێویستییە سیاسییەکان زیندوبونەوەی هەندێک لە توخمە کولتورییەکان و سەرکوتی هەندێکی دیکەی لێ دەکەوێتەوە (Skelton, 1991: 4). ڕەوان و لە گۆڕاندابونی کولتور نیشانەی ئەوەیە کە کولتورەکان دروست دەکرێن. بەو مانایەی کولتورەکان لە ڕێگای وەرگرتن، تێکەڵاوکردن، دوبارە دۆزینەوە و دوبارە خوێندنەوەی ڕەوتی کار و کاردانەوەکانی تاک و گروپەکانەوە دورست دەبێت (Nagel, 1998: 251). بۆ پێناسەکردنی کولتور دیدێکی دیکە هەیە، کە پێیوایە"کلتور ئەو کۆیە ئاڵۆزەیە کە لە هەمو ئەو شتانە پێکدێت کە ئێمە وەک ئەندامانی کۆمەڵگا بیری لێدەکەینەوە یان دەیکەین یان وەک ئەندامانی کۆمەڵگە خاوەنین" (مجموعة من الكتاب، ١٩٩٧: ٩). ئەم پێناسەیە تیشک دەخاتە سەر فۆڕمێکی کولتوری و وای لێدەکات ببێتە دیاردەیەکی ئاڵۆز کە لە چەند توخمێک پێکهاتوە، کە هەندێکیان فیکرین، هەندێکیان ڕەفتار و هەندێکیان ماددی.

(نای) بڕوای وایە هێزی نەرمی وڵاتێک بە پلەی یەکەم لە سێ سەرچاوەی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت: کولتورەکەی (چۆن کەسانی دیکە ڕادەکێشێت، یان بە جۆرێکە سەرنجی ئەوانی تر ڕادەکێشێت)، بەها سیاسییەکانی (کاتێک پابەند دەبێت بە ئامانجەکانیەوە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە)، هەروەها سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی (کاتێک کەسانی دیکە بە ڕەوا و دەسەڵاتدار لە ڕوی ئەخلاقییەوە دەیبینن) (٢٠٠٧: ٣٢). لە ڕوانگەی (نای) کولتور بریتییە لەو کۆمەڵە بەها و پراکتیکانەی کە مانا بۆ کۆمەڵگایەک دروست دەکەن و چەندین دەرکەوتنی هەیە. بەزۆری باو و ئاساییە کە جیاوازی بکرێت لە نێوان کولتوری بەرز، وەک ئەدەب، هونەر و پەروەردە، کە سەرنجی دەستەبژێرەکان ڕادەکێشێت، و کولتوری میللی کە گرنگی بە سەرگەرمیکردنی جەماوەر دەدات بە گشتی (٢٠٠٧: ٣٢ ؛ ٢٠١٥: ١١٠)، بە دەربڕینێکی دیکە کولتور یان ڕۆشنبیری، کۆمەڵە بەها و پراکتیکێکە کە مانا بۆ کۆمەڵگا دروست دەکات، و دەرکەوتەی جۆراوجۆری هەیە وەک ئەدەب، هونەر، زمان، پەروەردە... هتد. کەواتە کولتور بە ژیانی مرۆڤ پەیوەستە و شێواز و نۆرمی ژیانە و

تاکەکانی کۆمەڵگە وەریدەگرن و دەستی پێوەدەگرن و لەسەری دەڕۆن و بەپێی هەڵومەرجی ژینگەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی کارلێک دەکات و فۆرمی تازە وەردەگرێت.

لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە خوێنەر بە پێناسەی بێشومار بۆ کولتور کە پێشنیار کراون و تاقی کراوەتەوە بەبێ ئەوەی کۆدەنگی لەسەریان هەبێت سەرقاڵ بکەین، بەڵکو بە گشتی دو ئاراستە هەن، ئاراستەی یەکەم کولتور وا دەبینێت کە پێکهاتوە لە بەهاکان، بیروباوەڕەکان، نۆرمەکان، لێکدانەوە عەقڵانیەکان، هێماکان، ئایدۆلۆژیاکان و بەرهەمە ئاوەزەییەکان. ڕەوتی دیکە، کولتور وەک ئاماژەیەک بۆ شێوازی گشتی ژیانی گەلێک و پەیوەندییە کەسییەکانی نێوان تاکەکانی و هەروەها ئاراستەکانیان دەبینێت (مجموعة من الكتاب، ١٩٩٧: ٢٩). کە ڕەنگە سروشتی بابەتەکە وامان لێبکات جگە لە ئاوێتەبونی ئاراستەی یەکەم، بەڵام زیاتر خۆمان لە بەرەی ڕەوتی دوەم ببینینەوە، وای بۆ دەچین بۆ گەلانی ژێردەستەی ڕۆمانی و پەیوەندییەکانیان گونجاو بێت.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، زیاتر جەخت لەسەر سەرچاوەی یەکەمی هێزی نەرمی (ناي) دەکەینەوە کە کولتورە. کولتور، لە ڕەهەندە نەرمەکانیدا، دواتر بە ئامرازێک بۆ پێوانەکردنی هێزی دەوڵەتێک و گەیشتن بە ئامانجەکانی لە دەرەوەی وڵات دادەنرا، نەک تەنها وەک بزوێنەرێکی ململانێ نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو وەک هێزێکی ئەرێنی کە لەسەر بنەمای ڕازیکردن و ڕاکێشان و کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی ئەوانی دیکە دامەزرا، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هێزی ڕەق و زۆرەملێ، فشارە ئابورییەکان، سزاکان، یان ئامرازێکی دیکە ببات (المرابط، ٢٠١٧: ١٣٣). کەواتە توانای ڕاکێشان و ڕازیکردن لە ڕێگەی زۆرەملێ و ڕاکێشانەوە بەدەست ناهێنرێت، بەڵکو لە ڕێگەی سەرنجڕاکێشی کولتوری و سیاسییەوە بەدەست دێت (العزاوي، ٢٠٢٢: ٩٦).

وەک باسمان کرد، لەم باسەدا پێناسەی کولتور پەیوەستە بە چۆنییەتی شێوازی ژیانی ڕۆژانەی گەلانی لکێندراو و داگیرکراوی ژێر دەستی ڕۆمانەکان، بە تایبەتی ئەو چەمکەی تیۆریست (ناي) بە یەکێک لە پایەکانی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی نەرم دادەنێت کە بریتیە لە کولتور. "کلتور" لەناو کۆمەڵگایەکدا وەک سەرچاوەیەکی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی کاردەکات، توانای سەپاندنی گوێڕایەڵی و قبوڵکردن لەڕێگەی دروستکردن و دەستکاریکردنی کۆمەڵێک بیروباوەڕی هاوبەش کە پارێزگاری لە نەزمی کۆمەڵایەتی هەبو دەکەن، بەرهەمدەهێنێت. دەستەبژێرە کۆنەکان وەبەرهێنانێکی زۆریان لە دروستکردنی مانا و گەیاندنی ئایدۆلۆژیای فەرمی لە ڕێگەی هەمو ئەو میدیایانەی لەبەردەستیاندا بو؛ هەمیشە زۆر هەرزانتر بو خەڵک ڕازی بکرێت کە دەسەڵاتەکەیان قبوڵ بکەن و باوەڕیان بە ڕاست ودروستییە جەوهەرییەکەی هەبێت لە بەکارهێنانی شێوازی ڕاستەوخۆ و زۆرەملێتر، ئامانجی پرۆژەی ئایدیۆلۆژیی ڕۆمانی دروستکردنی یەکسانی و یەکسانییەکی ڕەها نەبو لە نێوان ڕەعیەتەکانیدا، بەڵکو دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێک بو کە تەرکیزی لەسەر دڵسۆزی باڵا و سەرچاوەیەکی هاودەنگی کۆمەڵایەتی بەبێ ئەوەی مەرج بێت هەمەجۆریی ئەوان دیکە لەناو ببات ( Morley, 2010: 115-116).بۆیە کولتور و بەها و بیروباوەڕ و بەرژەوەندی هاوبەش ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە زیادکردنی هێزی نەرمی وڵاتێکدا، بە تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی سیستەمێکی نێودەوڵەتی کە لەسەر بنەمای دۆخی وابەستەیی یەکتری نێوان ئەکتەرەکان، چ دەوڵەت بێت یان بە شێوەیەکی تر، دەوڵەت چیتر لە سنورێکی تەسکدا کارناکات، تەنها بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی، بەڵکو دۆخەکە گۆڕاوە و لە دەرەوەی بازنەی جوگرافیای دەوڵەت درێژ بوەتەوە، بەجۆرێک ئەو بەهایانەی کە سنورە نیشتمانییەکان و کولتورە هاوبەشەکان تێدەپەڕێنن، بونەتە گرنگ لە زیادکردنی هاوسەنگی هێزی دەوڵەتدا (المرابط، ٢٠١٧: ١٣٤).

دەتوانرێت بگوترێت کە ڕەگەزێکی ئەو هێزە نەرمەی لە خوارەوە قسەی لەسەر دەکەین، جۆرێکە لە هێزی عەقلی کە جەوهەرەکەی کولتورە لە ڕوی ناوەڕۆکەکەیەوە کە پەیوەندی بە بەهاکانەوە هەیە، یان ئەو شۆڕشە ڕۆحییەی کە لە مێژوی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا لە ڕێگەی: بیرۆکە، ئەخلاق، هونەر، ئایین...هتد پێکهاتوە (ودیع، ٢٠٢٢: ٢٥-٢٦). سەرهەڵدانی گرنگیدان بە ڕەهەندە نامەعنەوییەکانی هێز، بەتایبەتی کولتور، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەڕی سارد وەک ڕەهەندێکی دیاردەی نێودەوڵەتی. کولتور بە ئامرازێک بۆ جێبەجێکردن و شەرعیەتدان بە سیاسەتەکانی دەوڵەت دادەنرا، هەروەها بە بزوێنەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرا، لەسەر بنەمای ڕونکردنەوەی ململانێکان لە سەرچاوەکانیان بە ئاماژەدان بە کولتور و جیاوازییە کولتورییەکان و پێکدادانی شارستانیەتەکان (المرابط، ٢٠١٧: ١٣٣) بەو پێیە هەرچەندە چەمکی هێزی نەرم چەمکێکی مۆدێرنە، بەڵام ئەو ڕەفتارەی کە ئاماژەی پێدەکات، بەقەد مێژوی مرۆڤایەتی کۆنە.

( ناي) لە تیۆرەکەیدا بە ناوی (هێزی نەرم) لەپاڵ ئامرازەکانی دیکە، گرنگی بە ڕۆڵی کولتور دەدات وەک ئامرازێک بۆ کاریگەری و ڕازیکردن نەک زۆرەملێ (٢٠٠٧: ٣٢). بەو مانایەی کولتور وەک ئامرازێک بۆ کاریگەری ناڕاستەوخۆ بەکاردێت، وەک بەکارهێنانی خزمەتگوازارییە گشتییەکان، هونەر، پەروەردە، میدیا و ئەدەب بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی ئەرێنی، بە تایبەت دوای یەکخستنی نیمچە دورگەی ئیتاڵیا و دواتریش پرۆسەی بە ئیمپراتۆرییەتبونی ڕۆمانی، لەگەڵ ئەوەی ئابورییەکی ڕۆمانی و کۆمەڵگەیەکی بان ڕۆمانی (بان نەتەوەیی) دروست کرد، ئەم سەرزەمینەی داگیرکراوە بوە شوێنی بەریەککەوتنی کولتورە جیاوازەکان، دەرئەنجام کولتورێکی جیهانیشی بەرهەم هێنا، کە زۆرترین کاریگەری هێزی باڵادەستی تێدا ڕەنگڕێژبوە، ئینجا خۆویستانە بوبێت یان نا.

**٢.٢.هێز و دەسەڵات: جیاوازی هێزی ڕەق و هێزی نەرم**

تەوەرێکی دیکە، زاراوەی هێزە، کە لە بنەڕەتدا چەمکێکی ئاڵۆزە، باوترین پێناسەی چەمکی هێز واتە توانا بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی ویستراو، هەندێ جار ئاماژەیە بە هێز بۆ ئەنجامدانی کارێک یان سەپاندنی هێز بەسەر ئەوانی تردا. وێڕای ئەمەش جیاوازی دەکرێت لە نێوان فۆرمەکانی کۆنترۆڵکردن، ئەوەی پێی دەگوترێت هێز و ئەوەشی پێی دەگوترێت کاریگەر، لەبەر ئەوەی هێز بەو توانایە دەگوترێت بۆ دەرکردنی بڕیاری فەرمی کە لە هەندێ ڕووەوە لەسەر ئەوانی تردا جێبەجێ دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە کاریگەری بریتییە لە توانایەک بۆ کارتێکردن لە ناوەڕۆکی ئەو بڕیارانە لە ڕێگەی چەند فۆرمێکی پاڵەپەستۆی دەرەکی جگە لەوەش یەکێک لە ڕوەکانی هێز ئەوەیە کە ڕەنگە فۆرمی کۆنترۆڵکردنی هزری خەڵک بکات بە هۆی قۆرخکردنی حەز و پێداویستییەکانیان (هێیود، ٢٠٠٧: ٢.٢-٢٠٣).

هێز هیچ پێناسەیەکی گشتگیر و تەواوی نییە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی کۆدەنگی لە نێوان بیرمەندان، شرۆڤەکاران، سیاسەتمەداران، یان کۆمەڵناسان سەبارەت بە سروشتی خۆی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فۆرمە زۆرانەی کە دەیگرێتەبەر هەرچەندە زانایان جیاواز بن لە دیاریکردنی وادەی دەرکەوتنی ئەم وشەیە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، ئەمە بەهیچ شێوەیەک لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە هێز ناوەکی زانستی سیاسییە، وەک چۆن لەڕێگەیەوە بڕیاری سیاسی دەدرێت و دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە لە هەمو لایەنەکانی ژیاندا (المرابط، ٢٠١٧: ١٢٣-١٢٤). بێجگە لەوەی پێناسەیەکی کۆنکرێتی هێز نییە، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی و سیفاتەکانی هێز لە فۆرم و سەرچاوەشدا هەمەچەشنن و بە چەمکێکی جوڵەیی داینامیکی و نا جێگیر(ئیستاتیک) دادەنرێت و پێکهاتەکەی ژمارەیەکی زۆر لە توخم و گۆڕاوەکانی ماددی و ناماددی لەخۆدەگرێت کە بەیەکەوە گرێدراون (العقيبي، ٢٠١٨: ٣٣).

هەرچەندە سیاسەت لە ڕوی نەریتەوە پەیوەستە بە مومارەسەکردنی هێز، کەچی زۆرجار چڕتر لەسەر دیاردەیەک دەوستێت پێی دەگوترێت دەسەڵات، بە تایبەتیش دەسەڵاتی سیاسی لە فروانترین مانایدا، دەسەڵات بریتییە لە فۆڕمێکی هێز، بەڵام زۆرجار هێز و دەسەڵات لە یەکتر جیا دەکرێنەوە وەک دو ناوەندی دژ بە یەک کە لە ڕێگەیەوە پابەندبون یان گوێڕایەڵی بەدەست دەهێنرێت، لە کاتێکدا دەکرێ هێز بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێناسە بکرێت. هێز دەبێتە هۆی پابەندبون لە ڕێگەی قەناعەت پێکردن و پاڵەپەستۆ و هەڕەشە و زۆری لێکردن و توندوتیژی، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە، دەسەڵات واتە مافی حوکمکردن و دەبێتە هۆی دروستکردنی پابەندبون لە ڕێگەی پابەندبونێکی ئەخلاقی لە لایەنی ئەوانەی حوکم دەکرێن (هێیود، ٢٠٠٧: ٢١٣). کەواتە چەمکی هێز بابەتی مشتومڕێکی بەرچاوە لە نێوان بیرمەندان و زانایانی جۆراوجۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ناکۆکی هزری لە دەوری پێناسەی هێز ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی و بەهاکانی ئەو کەسانەیە کە لەم زاراوەیە دەکۆڵنەوە، توێژەری هێز بەم شێوەیە پێناسە دەکەن: توانای بەدەستهێنانی ئەوەی دەمانەوێت، هەروەها پێناسە کراوە بە توانای ئەنجامدانی شتەکان بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر کەسانی دیکە هەبێت لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەوەی ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنین کە دەمانەوێت (وديع، ٢٠٢٢: ١٣). لای نوسەری تر هێز بەو توانایەی کەسی خاوەن هێز پێناسە دەکرێت کە کاریگەری لەسەر کەسانی دیکە هەبێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەک ڕەفتار بکات کە خزمەت بە بەرژەوەندی کەسی خاوەن هێز بکات (العقيي، ٢٠١٨: ٣٥).

فاسکاران (Phaskaran) هێزی سیاسی بە توانای ئەنجامدانی کارێک و کاریگەری لەسەر هەر شتێک پێناسە دەکات، ڕۆبێرت داهل (Robert Dahl) بەوە پێناسە دەکات توانای ئەوەیە مرۆڤێکی تر کارێک بکات کە بەبێ بەکارهێنانی هێز نەیدەکرد، لە کاتێکدا بلاو (Blau) دەسەڵات بە توانای تاکەکان یان گروپەکان بۆ سەپاندنی ئیرادەی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا دەبینێت، بە تێڕوانینی مۆرگێنتاو(Morgenthau)، هێزی سیاسی بریتییە لە توانای کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئەوانی دیکە، دەڵێت: هێزی سیاسی پەیوەندییەکی دەرونییە لە نێوان ئەو کەسانەی کە مومارەسەی دەکەن و ئەو کەسانەی کە بەرامبەریان مومارەسە دەکرێت، کۆنترۆڵی هەندێک لە کردارەکانی کەسانی دیکە دەدات بە پارێزەران لە ڕێگەی ئەو هەژمون و کاریگەرییەی کە بەسەر مێشکیاندا دەیکەن، ئەمەش ڕەنگە لە ڕێگەی فەرمان، هەڕەشە، ڕازیکردن، یان تێکەڵکردنی هەندێک لەم شێوازانە پێکەوە ئەنجام بدرێت (نقلا عن: المرابط، ٢٠١٧: ١٢٤-١٢٥). هەرچی تیۆریست (ناي)یە هێز بەگشتی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "توانای کاریگەری لەسەر ئامانجە خوازراوەکان، و بەگشتی گۆڕینی ڕەفتاری کەسانی دیکە لەکاتی پێویستدا بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی خوازراو" (٢٠٠٧: ٢٠). پێدەچێت ئەمە زۆر گشتی بێت بۆ هەمو فۆڕمەکانی هێز.

### ٣.٢.هێزی ڕەق (Hard power)

بە پێی (ناي) هێزی ڕەق تەنها لە دەسەڵاتی سەربازیدا سنوردار نییە، بەڵام بەو مانایەش دێت توانای بەکارهێنانی ئامرازە ئابورییەکان بۆ کاریگەریکردن لەسەر ڕەفتاری کەسانی دیکە (٢٠١٥: ١٠٨-١١٠). بەم شێوەیە دەتوانرێت دو پێکهاتەی هێزی ڕەق جیا بکرێتەوە، پێکهاتەی یەکەم هێزی سەربازییە کە یەکێکە لە فۆرمەکانی هێزی ڕەقی نەریتی و بەکارهێنراوی بەرفراوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەوڵەت، فۆرم و جۆرەکانی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سەربازی ئەوەندە زۆرن کە دەتوانرێت جیاوازی بکرێت لە نێوان پێنج جۆری بەکارهێنانیدا (المرابط، ٢٠١٧: ١٢٦)، کە لێرەدا باسی توێژینەوەکە نییە، پێکهاتەی دوەمی هێزی ڕەق هێزی ئابورییە، بەو مانایەیە کە دەوڵەتی A ئامرازە ئابورییەکان بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی B ئەو کارانە لە بەرژەوەندی ئەودا بکات کە خۆی نایەوێت (المرابط، ٢٠١٧: ١٣٠). بەڵام توێژەر ڤۆڤینگ (Vuving) پێچەوانەی (ناي) پێیوایە بە واتا فراوانەکەی، هێزی نەرم هاواتای دەسەڵاتی

ناسەربازییە، لەوانەش دەسەڵاتی کولتوری و دەسەڵاتی ئابوری (3 :2009). واتە ناوبراو هێزی ئابوریش بە هێزی نەرم دادەنێت.

وەک توێژەر (العزاوي) ئاماژەی پێدەکات کە (ناي) ناوەندی و گرنگی هێزی ڕەق بە کەم نازانێت، بەڵکو ئەو بە "پێویست و حەتمی" دەزانێت، بەتایبەتی بۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکان کە هەوڵی پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان دەدەن، هەروەها ڕوبەڕوبونەوەی ئەو ڕێکخراو و گروپە تیرۆریستییانەی کە سیاسەتی بەکارهێنانی توندوتیژی دەگرنەبەر. بە واتایەکی تر (ناي) لە گرنگی هێزی ڕەق کەم ناکاتەوە، بەڵام بە ڕەهایی لەگەڵیدا نییە، بەڵکو پێی باشە تەنها لە بارودۆخی تایبەت و دواجار تایبەتدا پەنای بۆ ببات، واتە کاتێک کەرەستە و دروشمی هێزی نەرم توانای بەدەستهێنانی دەرئەنجامی خوازراویان نییە لە کات و شوێنی دیاریکراودا (٢٠٢٢: ٩٩).

## ٤.٢.هێزی نەرم (Soft power)

لە سەرەوە سێ سەرچاوەکەی هێزی نەرممان ناساند، کە (ناي) تیۆرەکەی لەسەر دارشتوە، پێکهاتبون لە: کولتور، بەها سیاسییەکان، سیاسەتی دەرەوەی وڵات. (ناي) هێزی نەرم بەم شێوەیە پێناسە دەکات: توانای بەدەستهێنانی ئەوەی دەتەوێت لە ڕێگەی ڕاکێشانەوە نەک بە زۆر، هەروەها توانای کاریگەریکردن لەسەر ڕەفتاری کەسانی دیکە بۆ گەیشتن بە ئەنجام و ئامانجە خوازراوەکان بەبێ ئەوەی پێویست بکات پەنا بۆ زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی فاکتەر و ئامرازە سەربازییەکان ببەیت (٢٠٠٧: ٢٤-٢٦). ئەو هێزی نەرم بە "سەرچاوەی نابەرجەستە وەک کولتور و ئایدۆلۆژیا و دامەزراوەکان" وەسف دەکات. ئەم ڕەهەندە دەتوانرێت وەک هێزی نەرم بیری لێبکرێتەوە، بە پێچەوانەی هێزی ڕەقەوە کە بەزۆری پەیوەستە بە سەرچاوە بەرجەستەکراوەکانی وەک هێزی سەربازی و ئابورییەوە، هەروەها (ناي) تێبینی ئەوەی کرد کە لە زۆر بۆنەدا 'ڕاکێشان'ی کولتوری و ئایدیۆلۆژی تا ڕادەیەک جێگەی ئامرازە تەقلیدییەکانی هێزی سەربازی و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە دەگرێتەوە (Napoli, 2023 :1). کەواتە چەمکی هێزی نەرم ئاماژەیە بۆ توانای وڵاتێک بۆ کاریگەریکردن لەسەر گەلانی دیکە و بەدەستهێنانی باڵادەستی سیاسی لەڕێگەی ڕاکێشان و ڕازیکردنی بەها کولتورییەکان و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان و سیاسەتەکانی حکومەت (Lyu, 2023 :401). لەلایەکی تر، وەک توێژەر لیو (Lyu) ئاماژەی پێدەکات ئەگەر بەکارهێنانی هێزی نەرم بۆ هێزەکانی سەدەی بیست و یەک گونجاو بوبێت، ئەوا بۆ ئیمپراتۆریەتە کۆنەکان گونجاوتر بوە، لەبەر ئەوەی بەهۆی سروشتی فراوانبونی خاکی خۆیانەوە، زۆرجار ئیمپراتۆریەتەکانی کۆن دەبو حوکمڕانی برێکی زۆر لە زەوییە تازە داگیرکراوەکان بکەن کە سەرەتا خاوەندارێتییان لەلایەن کەسانی خاوەن کولتور و ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە بو، لەم جۆرە بارودۆخانەدا بەکارهێنانی هێزی نەرم بۆ ئاوێتەکردنی خاکە داگیرکراوەکان لە ڕوی سیاسی و کولتورییەوە زۆر گرنگە بوە بۆ سەقامگیری کۆمەڵایەتیی ئیمپراتۆریەتەکانی مێژوی کۆن، ئەمەش بە بەکارهێنانی هێزی نەرم لە ڕێگەی هاندان و ڕاکێشانەوە کۆنترۆڵی سیاسی بەسەر خاکە بیانییە داگیرکراوەکاندا (402 :2023).

بەرمەبنای ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، هەروەها خوێندنەوەمان بۆ چەمکی هێز کە (ناي) بۆ فۆرمەکانی هێز دایمەزراندون، واتە لقەکانی هێزی سەربازی، ئابوری، کولتوری، لێرەدا جەخت لەسەر کولتور وەک هێزی نەرم لە سیاسەتی ڕۆمانی دەکەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵاوە لەگەڵ سەرچاوەی سێیەمی هێزی نەرم کە (ناي) باسی کردوە، ئەویش بەکارهێنانی سیاسەتی دەرەوە وەک سەرچاوەیەکی هێزی نەرم، بەو مانایەی ئەمە سیاسەتی دەرەوەیە هەوڵدەدات کولتور وەک هێزی نەرم بگرێتەبەر، هەر چەندە دەقێکی یاسایی ڕونمان نییە کە باس لە گرتنەبەری کولتور بکاتەوە، بەڵام لە ژێر ڕۆشنایی مامەڵە و ئەو کارانەی فەرمانڕەواکانی ڕۆمانی پیادەیان کردوە، و دەرئەنجامەکانی هیچ گومانێک ناهێڵنەوە و دەیسەلمێنن کە بونی هەبوە.

ئەگەرچی هێزی نەرم بە مانای وشە لە سەرچاوە کلاسیکییەکان (یۆنانی-ڕۆمانی) نەهاتوە، بەڵام دەشێت وشەی هاومانا یان نزیک لێی بدۆزرێتەوە، بۆ نمونە توێژەر ناپۆلی (Napoli)، گەڕاوەتەوە سەر نوسینەکانی سیسێرۆ بەناوی لەسەر ئەرکەکان (On Duties- De officiis)، هەرچەندە نوسینەکان زیاتر گوتارێکی ئەخلاقی بو نەک تێزی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە، بەڵام تێبینی ئەوەی کردوە کە ڕەنگە وشەی هێزی نیازپاکی (vis benevolentiae) هەمان مانا بگەیەنێت، ئەم دەقە بە ڕونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سیسێرۆ لە بەهای ڕازیکردنی خەڵک بۆ شوێنکەوتن تێگەیشتوە، بەرژەوەندی ڕۆمانەکان لەوە دەبینێت بە شێوەیەک کە زیاتر ئاماژە بە هێزی 'نەرم' دەکات نەک هێزی 'ڕەق-سەخت'. تەنانەت چاوەڕوانی ئەوە بو کە سیاسەتمەدارانیش ئەم کارە بکەن (6-5 :2023). توێژەری ناوبراو نمونەی کونسوڵ تیتۆس کوینتیۆس فلامینینوس (Titus Quinctius Flamininus) ٢٢٩-١٧٤ پێش زایین وەک بەڵگە دەهێنێتەوە کە چۆن لە ڕێگەی نیازپاکی و باوەڕی باش (fides) توانی مامەڵەیەکی باش لەگەڵ گرژییەکانی وڵاتی مەکدۆنیا و فلیپی پێنجەمی پاشا و دانیشتوانی یۆنان بکات، ڕاستگۆیی ئەو لە کاروباری دیپلۆماسیدا کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر یۆنانییەکان جێهێشت، لەبەر ئەوەی فلامینینوس فەرمانی دابو کە سەربازە ڕۆمانییەکانی بە دیسیپلینێکی وردەوە ڕەفتار بکەن، خۆیان لە تاڵانکردن بەدور بگرن و بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ دانیشتوانی یۆنانی و ناوچەکە بکەن، بەمەش توانی سۆزی خەڵک بۆ ڕۆمانەکان ڕاکێشێت (Napoli, 2023: 6-7). کەواتە هێزی نەرمی فلامینینوس بە شێوەیەکی ئەرێنی پشتگیری لە بەرژەوەندی ڕۆما لە ناوچەکەدا کردوە (Napoli, 2023: 9).

ئەوەی لێرەدا بۆ ئەم توێژینەوەیە گرنگە، بابەتێترە کە دەشێت لە چوارچیوەی کولتور لە نوسینەکانی سیسێرو هەڵێنجین، دەکرێت ئەمانە بن وەک: بکەونە ژێر کاریگەری سوپاسگوزاری بۆ چاکە و بەخشندەکانی پێیان بەخشراوە؛ بەهۆی بەرزبونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی یان لە ترسی ئەوەی کە ڕەنگە ناچار بکرێن ملکەچ بن؛ لەوانەیە بە هیوای دیاری پارە و بەڵێن (Napoli, 2023: 5-6). بە تێگەیشتنی ئێمە دەشێت هەمو ئەمانە لە چوارچێوەی شارنشینی و دامەزراوە و شوێنی خۆشی و کات بەسەربردن جێگایان ببێتەوە، بەدڵنیایی باشترین شوێنیش تا هەمو هەمانە کۆبکاتەوە شار و شارۆچکەکان و دامەزراوە دیارەکانی بون، کە کرۆکی توێژینەوەکەمانە و لە لاپەڕەکانی دواتر لە شارنشینی بە هێنانەوەی نمونە و کەیسی جیا لە سەرەمی کۆماری و ئیمپراتۆری شیکاریی مێژویی دەکەین.

سروشتی ئیمپراتۆریەت کە کۆمەڵێک گروپی جیاواز لە یەک جەستەی سیاسیدا تێکەڵ دەکات، بەو مانایەیە کە دەسەڵاتی ئیمپراتۆری لە سەروی هەمو شتێکەوە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی فرەچەشنییەوە هەیە و پشتی پێدەبەستێت (Morley, 2010: 107). بۆیە هەرچەندە سوپای ڕۆمانی لە نێو هەمو زلهێزە سەربازییە هاوچەرخەکانیدا بەهێزترین و گەورەترین بو، بەڵام حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە سەردەمی ئاشتی ڕۆمانیدا، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، بۆ پاراستنی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر خاکە داگیرکراوەکاندا، بە شێوەیەکی زۆر پشتی بە زۆرەملێی سەربازی نەبەستبو، هەروەها ئامرازی توندوتیژی بەکارنەهێنا بۆ بەدەستهێنانی سودی دیپلۆماسی بەسەر گەلانی بیانی دوردا، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەبری ئەوەی پشت بە هێزی زۆرەملێی سەخت ببەستێت، هێزی نەرم و بەکارهێنانی هێزی نەرم هەڵبژارد بۆ هاندان و ڕاکێشانی دانیشتوان لەناو خاکەکانی ڕۆمانی و دەرەوەی ئەو وڵاتە، ئەمەش وای لێدەکات بتوانێت باڵادەستی سیاسی و ئابوری زیاتر بەسەر جیهاندا بەدەستبهێنێت (Lyu, 2023: 401). وای بۆ دەچین پشت بەستن بە هێزی نەرم بنەچەی زۆر کۆن بێت، بە درێژایی مێژوی ڕۆمانی بە هەرسێ سەردەمەکەیەوە (پاشایەتی، کۆماری، ئیمپراتۆری) تێبینی کراوە، بەڵام ڕەنگە ئامرازەکانی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاواز بوبیت، بۆ نمونە پاشا ڕۆمۆلۆس ٧٥٣-٧١٦ پێش زایین (Romulus)، ئەو شوێنانەی لەناو نەبردوە کە لە کاتی جەنگدا داگیری کردون، سزای دانیشتوانەکەیان بە کۆیلایەتی

نەداوە، بۆیە هیچ شتێک لەم پراکتیزەیە گونجاوتر نییە بۆ ئەوەی ئازادی بەردەوام بێت و ئیمپراتۆریەتەکەی گەورەتر بکات (Pelgrom and Weststeijn, 2020: 5). هەرچەندە دەچێتە سەرچاوەی سێیەمی هێزی نەرم کە (ناي) باسیان دەکات، واتە سیاسەتی دەرەوە، بەڵام ئەمەش هەر دەرخەری هێزی نەرمە.

لەم جۆرە بارودۆخانەدا بەکارهێنانی هێزی نەرم بۆ ئاوێتەکردنی خاکە داگیرکراوەکان لە ڕوی سیاسی و کولتورییەوە زۆر گرنگ بوە بۆ سەقامگیری کۆمەڵایەتی ئیمپراتۆریەتەکانی کۆن، بەم شێوەیە، پێناسەی هێزی نەرم فراوانترە بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتانە بگرێتەوە کە ئیمپراتۆریەتەکان لە ڕێگەی هاندان و ڕاکێشانەوە کۆنترۆڵی سیاسی بەسەر خاکە بیانییە داگیرکراوەکاندا دەپارێزن (Lyu, 2023: 402). وادیارە ئیمپراتۆری یەکەم ئاوگستۆس (Augustus) ٢٧پێش زایین-١٤ زایینی و جێنشینەکانی درکیان بەوە کردوە ڕۆما چیتر ناتوانێت سەروەری خۆی بپارێزێت تەنها بە بەردەوامی توندوتیژی، بەڵکو پێویستە نۆرمەکانی یاسا، ئایین، سیاسەت، ئابوری، بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و بەها کولتورییەکان بەکاربهێنێت، کە لانیکەم تا سێیەکی دوەمی سەدەی سێیەم زایینی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی چەسپاند (Boatwright, 2000: 4). پەنابردنە بەر هێزی نەرم مانای وایە هێزی ڕەق هەموکات گونجاو نییە خەڵک هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان وەڵامی هەڕەشەی هێز دەدەنەوە، بۆیە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی پێشتر باسمان کرد لەوە سەرچاوەی گرتوە کە بەردەوامیی کۆنترۆڵکردنی بەسەر ناوچەکەدا دەبێت لەسەر بنەمای سیاسەتی ڕاکێشانی توخمە ناوخۆییەکان بە دڵسۆزییەکی پتەو بۆ ڕۆمانەکان لە ڕێگەی پرۆسەی یەکگرتنەوە لە ڕێگەی کولتور و زمان و شارستانیەتی ڕۆمانییەوە بێت (رحماني، ٢٠٠٩: ١٠). لە کۆتاییدا، دو توێژەر ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئامانجی ڕۆمانەکان لە دامەزراندنی تەواوی شارەکان لە ناوچەی مەغریبی کۆن، وەک شاری شوێنەواری "جميلة"، بە مانای نەهێشتنی دەرکەوتەکانی شارستانیەتی ناوخۆیی و گۆڕینی بە ڕۆمانیەکان بو، ئەمەش وەک پرۆسەی شارنشینی و شارستانییەت دەستی پێکرد، دامەزراندنی شارەکانی ڕۆمانی دەرکەوتەی سیاسەتی بە ڕۆمانیکردن بو (اليدى و الشيماء، ٢٠١٩-٢٠٢٠: ٧٦). دەشێت ئەم نمونەیە بۆ تەواوی ناوچەکانی تری ژێردەستی ڕۆمانی دروست بێت، بۆیە دەمانەوێ شیکردنەوەیەکی مێژویی بۆ دامەزراوەکانی شار، شانۆ و گەرماوە گشتییەکان بکەین.

### ٣. شارنشینی وەک ئامرازێکی کولتوری زاڵبون

بزوتنەوەی نیشتەجێبونی ڕۆمانی ڕەگ و ڕیشەی مێژویی هەیە، وەک بڕیارێکی سیاسی و کارگێری، هەندێکی سەربازی و سیاسەتی فروانخوازی، چەندین شارۆچکە و کۆڵۆنی (نشینگە)، لە ناوچە جیاجیاکانی ئیمپراتۆرییەت دامەزراند، بۆ نمونە باکوری ئەفریقا (رباح و بشاري، ٢٠٢١: ٩٨٠). هەر یەکە لە شارۆچکە و کۆڵۆنییانە[٢] لە ڕوی گرنگی پێگە و ئاستەوە چەندین جۆریان هەبو.

لە کۆتایی کۆماردا، بو بە پراکتیزەیەکی باو بۆ فەرماندەکانی ڕۆمانی کە سەربازە دێرینەکان لەم جۆرە کۆڵۆنیانەدا یان لە نزیک کۆمەڵگەیەکی دامەزراو، یان لە شوێنێکی تەواو نوێدا، و بەزۆری لە دەرەوەی ئیتالیا نیشتەجێ بکەن (Ward, 2012: 203). بەو واتایەی کۆنترین و نەریتیترین شێوازی ڕۆمانی لە پاداشتکردنی سەربازە دێرینەکان، نیشتەجێکردنیان بو لە ئاوەدانی و کۆڵۆنییە تازە دروستکراوەکان (Orlin, 2021: 337). بۆ نمونە ڕۆما سیاسەتی کۆڵۆنیالیزمی خۆی لە پارێزگای قەیسەریی مۆریتانیا بەرجەستە کرد، ئەویش بە دەستبەسەرداگرتنی بەپیتترین زەوییە کشتوکاڵییەکان لە خێڵە ڕەسەنەکانیان، و نیشتەجێکردنی هاتنی تازەی سەربازە (دەرچو لە خزمەتی سەربازی-مسرح)، کە سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی ئەم زەوییانەیان دەکرد و نیشتەجێبونی کشتوکاڵییان دامەزراند و کەمپ و قەڵایان دروستکرد بۆ دابینکردنی ئاسایش، بەم شێوەیە ناوەندی دانیشتوانیان دامەزراند کە دواتر لە لایەن ئیمپراتۆر یان پارێزگارەوە لە ڕوی کارگێرییەوە بەرزکرانەوە بۆ

شارەوانی و پاشان کۆلۆنی، ئەم کۆلۆنییانە توانیان قەڵغانێکی بەهێز لە بەرامبەر هەراسانکردنی دانیشتوانی ناوچەکە پێکبهێنن (محمد و محمد، ٢٠٢١: ٤٤٢-٤٤٣). شارەکان وەک شارە ئیتاڵیەکان گەشەیان کرد و هەمان شێوازی شوێنەوارە کولتورییە گەورەکانی ڕۆمایان وەرگرت، بۆ نمونە هەمان شێواز لەلایەن گالییە دەوڵەمەندەکانەوە دروستکرانەوە، کە دانیشتوانی گال بەشدارییان تێداکردو کە زۆرێک لە تەڵە کولتورییەکانی ڕۆمایان وەرگرتبو ( Pascal, 2015: 2).

لە خۆرهەڵاتیش، دەسەڵاتدارانی ڕۆمانی ڕۆڵی بەرچاویان لە گرنگیدان بە شارەکان هەبو، مارکوس ئەنتۆنی (Marcus Antonius) ٨٣-٣٠ پێش زایین بەردەوام بو لە جێبەجێکردنی سیاسەتی یولیۆس قەیسەر(Julius Caesar) ١٠٠-٤٤ پێش زایین بۆ ڕۆمانیکردنی سوریا، ئەمەش هەمان ئەو سیاسەتە بو کە ئاوگستوس دوای ئەو پەیڕەوی لێکرد. ئاوگستوس سەردانی سوریای کرد و بینای مۆنۆمێنتالی دروستکرد کە سیمایەکی ڕۆمانییان هەبو، بەتایبەتی لەشاری ئەنتاکیا (Antakya) کە کردی بە پایەختی هەرێمەکە. لە گرنگترین ئەو دەستکەوتانەدا شەقامی سەرەکی گەورەی ئەنتاکیا بو، هەروەها لە نێو ئەو ڕوداوە گەورانەی کە لە ئەنتاکیا پایەختدا لە سەردەمی ئەم ئیمپراتۆرەدا نمایشکرا، بەڕێوەچونی یارییە ئۆڵۆمپییە ناوخۆییەکان بو، کە بە تێپەڕبونی کات بوە یەکێک لە ڕوداوە بەناوبانگەکانی جیهانی ڕۆمانی. هەروەها ئیمپراتۆر تیبێریوس(Tiberius) ١٤-٣٧ زاییی لە سەردەمی حوکمڕانی خۆیدا سەردانی هەرێمی سوریای کرد و بەردەوام بو لە سیاسەتی ئاوگستۆس بۆ بنیاتنان و دروستکردنی دامەزراوەکان. دوای دامەزراندنی شەقامە گەورەکە لە شاری ئەنتاکیا کە بو بە شەقامی سەرەکی، دروستکردنی دەروازەی چوار ڕێڕەوی تێتراپیلا (Tetrapyla) لە یەکتربڕینی ئەم شەقامە لەگەڵ هەمو شەقامی سەرەکیدا جێبەجێ کرا (داوني، ١٩٧٦: ١١١-١١٢؛ الطيب، ٢٠١٨: ٣٦٩). هەروەها بۆ قەرەبوکردنەوەی مەودای جوگرافی نێوان ئیمپراتۆر و زۆربەی شار و هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی، ئۆگستۆس و جێنشینەکانی هانی ئەو بیرۆکەیەیاندا کە ئیمپراتۆری ڕۆمانی لە نزیکەوە گرنگی بە ژێردەستەکانی دەدات. یەکێک لەو ئامرازانەی بەکارهێنرا بریتی بو لە چەمکی لاتینی پاتێر پاتریای (pater patriae) بو کە بە مانای (باوکی وڵات) دەگەیەنێت ئەمەش بۆ نیشاندانی خەمی کەسی بۆ دانیشتوانی شارەکانی جیهانی ڕۆمانی (Boatwright, 2000: 57). دەشێت بگوترێت ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی هێزی نەرم بۆ ڕاکێشانی ژێردەسەکانی خۆیان و چەکەرەکردنی گیانی ئینتما بۆ ئیمپراتۆر و دەوڵەت.

لەگەڵ فراوانکردنی خاکی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، ئەم پرۆژە بیناسازییە جیاوازانە یارمەتیدەر بون بە ڕونی باڵادەستی ڕۆمانییەکان بەسەر شار و لادێکاندا ڕابگەیەنن، و دەسەڵاتیان بەسەر خەڵک خاکەکەدا بنێن، زۆرجار ئاوەڕۆکان و ڕێگاوبانەکان بە ناوی ئەو کەسە ناونرا کە دروستی کردون، بەجۆرێک جگە لەم سودە بەرجەستە، سەرمایەی سیاسی بۆ تاکێک دەهێنێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی گشتی (Orlin, 2021: 336-337). هەندێک لە پێکهاتە شارییەکان (دامەزراوییە شارییەکان) لە ڕوانگەی سیاسییەوە ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگیان لە شاری ڕۆمانیدا هەبوە، ئەم پێکهاتانە بریتی بون لە گۆڕەپان و بازاڕی گشتی و کۆبونەوە لە گەرماو و پەرستگاکان، ڕۆمانەکان ئەم ئاسانکاری و دامەزراوانەیان بۆ هەڵبژاردن و کۆبونەوە سیاسییەکان بەکارهێناوە، ئەمە جگە لەوەی کێشەکانیان دەخستە بەردەم ئۆرگانێکی سیاسی (اليدى و الشيماء، ٢٠١٩-٢٠٢٠: ٧١). تەلارسازی و هونەری شارە گەورەکان، لەگەڵ زمان و سیستەمی پەروەردەیی ڕۆمانەکان، لە ڕێگەی دەستپێشخەریی حکومییەوە هەنارده دەکران بۆ هەرێمە پێشکەوتوەکانی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرییەت (Garnsey, & Elsner, 2015: 216).

کۆچکردن بۆ شارە ڕۆمانییەکان ئارەزومەندانە بو و هەرچەندە زۆرێک لە خەڵکی ئاسودەیی و سەرقاڵکردن و سودە ئابورییەکانی ژیانی شاریان هەڵبژارد، بەڵام زۆرینەیان وەک پێشتر بەردەوام بون لە ژیانیان (Pascal, 2015: 50). بۆ نمونە هەرچەندە ئامانجێکی سیاسەتی ئیمپراتۆری لە وڵاتی گال (فەرەنسای ئێستا) نەبو، بەڵام ڕێگەی بە گالییە داگیرکراوەکاندا بە خێرایی خۆیان کولتوی ڕۆمانی وەربگرن، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە گوندەکاندا مانەوە، هەندێکی تر شێوازی ژیانی ڕۆمانی شارستانییان گرتەبەر، بۆیە کاتێک شارەکان گەشەیان کرد و پڕ بون لە گالییەکان، زۆرێک لە دانیشتوان وازیان لە ژیانی نەریتی هێنا و داهاتوی شارستانی ڕۆمانیان هەڵبژارد، ئەو شارانەی دوای داگیرکردن لە گالدا گەشەیان کرد، بونە ناوەندی کولتوری ڕۆمانی و نوێنەری بەها نوێیەکان بۆ ئەو گالییانەی کە نیشتەجێبونیان لە شار هەڵبژارد (Pascal, 2015: 50-51). لە شارنشینیدا، ڕێژەی ئەو دانیشتوانەی کە تێیدا دەژین زۆربو، لەگەڵ تەواوی کۆمەڵە دامەزراوە شارییەکان، ژێرخانی و گومرگی و بازاڕەکان، پەرستگا، گەرماو، شانۆ، ئاوەڕۆ، شەقامی چاککراو ...هتد دابینکراو بو، کە لە زۆر بوار گۆڕانکاری ڕویدا، تەنانەت لە شارەکان گۆڕانکاری لە شێوازی خواردن و خۆراکدا ڕویدا، لەگەڵ بڵاوبونەوەی شەراب و زەیتی زەیتون، گۆڕانکاری لە خانوبەرەدا، چ لە دیزاینی شوێنی نیشتەجێبون و چ لە دانانی تایبەتمەندییەکانی وەک مۆزایک و حەمام؛ گۆڕانکاری لە ئاییندا، لەگەڵ بڵاوبونەوەی کولتەکانی پەیوەست بە ڕۆما (لە سەروی هەموشیانەوە کولتەکانی ئیمپراتۆر) و گۆڕانکاری لە پراکتیزە ناوخۆییەکان؛ گۆڕانکاری لە زماندا، لەگەڵ زمانی لاتینی ئاوابونی زمانە ڕەسەنەکان بەدواداهات، گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەدا، لەگەڵ پەسەندکردنی دراو و کێش و پێوەر و یاسا (Morley, 2010: 104-105).

وا دەبینرێت یەکێک لە سەرنجراکێشترین دەستکەوتەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتنەکانی بو لە ئاوێتەکردنی خەڵکی ڕەسەن لەگەڵ ڕۆمانەکان ئەگەر بە ڕێژەیش بوبێت. باوەڕ وایە کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی زیاترە لە تەنها پێکهاتەیەکی باڵادەستی، نەک تەنها لەلایەن فەرمانڕەوایەکی هاوبەشەوە بەیەکەوە بەسترابوەوە، وێرای نەرمیەکەی (مرونە)، بەڵکو بە سیستەمێکی کارگێڕی زۆر ڕێکخراو و یەکگرتو، و لەگەڵ تێپەڕبونی کاتدا بە سیستەمێکی یاسایی و هاوڵاتیبونێکی هاوبەش، بوە بەهێزترین بزوێنەری ئاوێتەکردن و لەخۆگرتن کە جیهان تا ئێستا بینیبێتی (Morley, 2010: 105). داگیرکردنی نیمچە دورگەی ئیبەری (ئیسپانیا و پورتوگاڵ)ی ئێستا لە لایەن ڕۆمانەکان پرۆسەیەکی دو سەدەی وردە وردەی فراوانکردنی خاک بو کە لەلایەن ئاوگستۆسەوە تەواوکرا، کە هەمو نیمچە دورگەکەی لە ساڵی ١٩ی پێش زایین بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەوە گرێدا، بەکارهێنانی هێزی نەرمی ڕۆمانی لە هەمو نیمچە دورگەکەدا دیار بو، بە تایبەت لە شێوەی تەلارسازیدا، بەکارهێنانی کاریگەرانەی هێزی نەرم سودی سیاسی بەرچاوی لێکەوتەوە، ئاسانکاری بۆ گۆڕینی ئاشتیانەی کۆمەڵگەی ناوخۆیی و سەقامگیرکردنی دەسەڵاتە ناوخۆییە تازە دامەزراوەکان کرد، لە سەردەمی ئاوگستوسەوە دەست پێدەکات تا کۆتای سەردەمی ئیمپراتۆر نیرۆ (Nero) ٥٤-٦٤ زایینی (Nero)، تێبینی دەکرێت کۆمەڵگاکان دەستیان کرد بە مۆدێلکردنی خۆیان لەسەر نەخشی ڕۆمانییەکان و بینا گشتیەکانیان دانا لەوانەش: بیناکان بۆ حکومەتی ناوخۆیی، پەرستگا و گەرماوەکان (Lyu, 2023: 402-403). هەندێک جار دەتوانرێت تێبینی بۆ دەستپێشخەری ڕاستەوخۆی ئیمپراتۆری بکرێت، بۆ نمونە گەشتەکانی هادریان (Hadrian) ١١٧-١٣٨ زایینی بوە هۆی ئەوەی لە هەر شوێنێک بچێت، بینای نوێ دروست بکات، هەروەها ئیمپراتۆر سێپتیمیوس سێڤێروس(Septimus Severus) ١٩٣-٢١١ زایینی، بەڵام بە گشتی ئەو نمونە و ئیلهامبەخشە گشتیەی کە ئیمپراتۆرەکان پێشکەشیان دەکرد بەس بو بۆ پاڵنانی دەستەبژێرە ناوخۆییەکان بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکان کە لە

هەر حاڵەتێکدا لەگەڵ خواستە سیاسییەکانیان و سیستەمی بەها و شێوازی ژیانیاندا بگونجێت ( & Garnsey, Elsner, 2015: 216).

جگە لە دانیشتوانی ئاسایی، نیشتەجێبونی سەرباز گرنگ بو، هەر چەندە هەندێک جیاوازی گرنگ لە نێوان سەربازە دێرینەکانی لەشکرەکان و یەکەکانی پاڵپشتیدا هەبوە. هەرچەندە بەڵگەکان تارادەیەک کەمن، بەڵام پێدەچێت بە گشتی سەربازەکانی هێزی پاڵپشتی (auxilla) زیاتر لە سەربازە دێرینەکانی ڕۆمان بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، هەرچەندە زۆرێکیان هەڵیانبژاردوە لەو ناوچانەدا بمێننەوە کە خزمەتیان تێدا کردوە، هەروەها لێکچون لە نێوانیان هەبو: هەردو گروپەکە بەهۆی ئەو دەرفەتە ئابورییانەی کە شارۆچکە گەورەکان پێشکەشیان دەکرد، سەرنجیان ڕاکێشا؛ هەردوکیان چێژیان لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکی نزیک کەمپەکانی سوپادا هەبو، هانیان دەدا دوای دەرچونیان لەوێ بمێننەوە، جگە لەوەش ئەگەر سەیر بکەین بۆ سەربازەکانی پاڵپشتی کاریگەری گەڕانەوەی سەربازە دێرینەکان لەسەر کولتوری ناوخۆیی زۆرجار هەبوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە؛ ئەوان بە بریکاری "ڕۆمانکردن" لە نێو دانیشتوانی نا ڕۆمانی (بەربەری)دا دادەنرێت، سەرەڕای ئەوەش، ناتوانرێت نکۆڵی ئەوە بکرێت کە جوڵەی سوپای ڕۆمانی لێکەوتەی گەورەی لەسەر گەشەسەندنی کولتوری ئیمپراتۆریەتدا هەبوە (Roselaar, 2016: 157).

لە فراوانبونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆژئاوادا، ئیمپراتۆرەکان سیاسەتی نەریتی ڕۆمانییان چڕکردەوە کە دامەزراوە سیاسی و کولتورییەکانی شارە گەورەکان بو وەک تەواوکەرێکی جەوهەری بۆ داگیرکردنی سەربازی، جگە لەوەش دابونەریت و بیرۆکەی ڕۆمانەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە شارەکاندا بڵاودەبونەوە، لەو شوێنانەی کە شارنشینی هێشتا دواکەوتوە و لە لادێکان بە گشتی کاریگەری کولتوری ئیمپراتۆری زۆر کەمتر بوە (Garnsey, & Elsner, 2015: 207). فەرمانڕەواکان ئەوەندە ئاگاداری سنوری دەسەڵاتی ڕۆمانی بون، بەتایبەتی ژمارەی کەمی بەرپرسانی ڕۆمانی لە پارێزگاکاندا، بۆ ئەوەی بزانن کە کولتوری ڕۆمانی ناتوانرێت بە تەواوی بەسەر تەواوی ئیمپراتۆریەتەکەدا بسەپێندرێت؛ بەڵکو ڕۆڵی بەرپرسانی ڕۆمانی بریتی بو لە بەرجەستەکردنی کولتورەکەیان، دەستپێکردنی پرۆسەی شارنشینی بە دامەزراندنی کۆلۆنیەکان و پەرەپێدانی کەمپی سەربازی و هاندان و دابینکردنی پارە ناوبەناو، بۆیە وا گومان دەکرێت باڵادەستی شارستانیەتی ڕۆمانی لە ڕێگەی پرۆسەیەکی سروشتی ئاوێتەبونەوە بە پارێزگاکاندا بڵاوبێتەوە؛ بەس بو بۆ ئەوەی دانیشتوانی ڕەسەن بەرکەوتنیان لەگەڵ ڕۆمەکاندا هەبێت، جا سەرباز، بەرپرس، کۆلۆنیالیست، یان بازرگان، بۆ ئەوەی ئەوان دان بە پێگەی باڵادەستی خۆیاندا بنێن و ئارەزوی لاساییکردنەوەیان هەبێت (Morley, 2010: 111). لەبەر ئەوە ڕۆمانسازی یان ڕۆمانیکردن زۆرترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەو ناوچانەی کە گەشەی شارەکان بەرچاو بو: نیمچە دورگەی ئیبەری، بەتایبەت لە باشور و ڕۆژهەڵات، باشوری فەرەنسا و باکوری ئەفریقا، کە شارنشینی ئەم ناوچانە جگە لە دەرکەوتنی چینێکی کۆمەڵایەتی، شاعیری لە ئیسپانیا، وتاردەر لە گال و سەرەتا لە سوێتۆنیۆس (Suetonius)ی ژیاننامەنوسەوە تا نوسەرانی تری ئەفریقی بەرهەمهێنا، کە شانازییان بە لاتینییەتی خۆیانەوە دەکرد. کارگێری ڕۆمانی زمانی لاتینی وەک زمانی فەرمی لەو شارانەی کە لە ڕۆژئاوا دامەزراندبوی سەپاند، هەمو زمانە ناوخۆییەکانی پشتگوێ خست، دەستەبژێر شارییەکان بە پەروەردەی شێوازی ڕۆمانی ئاشنا بون، لە سەدەی دوەمی زایینیدا ئەفریقا- ئیسپانیا وەک هەناردەکاری سەرەکی ڕۆشنبیرانی فیکری بو بۆ ڕۆما: جگە لە سوێتۆنیوسی مێژونوس هەریەکە لە فرۆنتۆ (Fronto)ی وتارنوس، سولپیسیۆس ئەپۆلیناریسی ڕێزماننناس ناسراوترین نوێنەرن (Garnsey, & Elsner, 2015: 214-216).

لە ڕوانگەی ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، ئەوەی جێی بایەخە و لێرەدا دەتوانین ئاماژەی پێ بدەین، ئێمە دەمانەوێت بە هێنانەوەی دو نمونە یان دو کەیس یەکێکیان لەسەردەمی کۆماری و ئەوەی تر لەسەردەمی ئیمپراتۆری، کولتور لە

چوارچێوەی گەشەپێدانی شارنشینی شی بکەینەوە. یەکەمیان سەردەمی فەرماندە پۆمپێ (Pompey) ١٠٦-٤٨ پێش زایین کاتێک دوای شەڕەکانی لە ڕۆژهەڵات، ناوچەکەی ڕێکخستەوە، هۆکارەکانی ئەوەی پۆمپێ لە هەندێک بواردا شار-دەوڵەت و لە هەندێکی تردا شانشینی بریکار دروست کردوە، شیاوی هەڵوەستە لەسەر کردنە، زۆربەیان سەیری هۆکارە ئیمپریالیزمی و دارایی و ستراتیژییەکانی پشت دابەشبونەکانی پۆمپێ دەکەن، کەچی پشتگوێ دەخەن یان بەڕاشکاوی ڕەتیدەکەنەوە کە پۆمپێ هیچ پاڵنەرێکی کولتوری لە ڕێکخستنی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات و شانشینی بریکاردا هەبوە، پۆمپێ شانشینی کۆنی پۆنتۆسی دابەشکرد، هەندێکیان درایە پاشاکانی بریکار و بەشەکانی دیکەش دابەشکران بەسەر یازدە دەوڵەت-شار و زیادکران بۆ هەرێمی بیتینیا (Bithynia)، کە ڕۆما بەم دواییە لەگەڵ مردنی پاشاکەی بەدەستی هێنابو، شار-دەوڵەتەکانیش بریتیبون لە شارەکانی یۆنانی لە کەنارەکانی دەریای ڕەش و شارۆچکە بچوکەکان و شارەکانی پۆنتۆس (Pontos) کە پۆمپێ ڕێکیان خستەوە، ئەمانە هەمویان هێنرانە ناو ویلایەت نوێی بیتینیا-پۆنتۆس، لەم شارۆچکە و شارانەدا پۆمپێ چەندین باڵەخانە و پەرستگای دروستکرد یان نۆژەنکردەوە، زۆرجار بە ناوی خۆیەوە، یان لە فۆرمێکەوە لە ناوی پۆمپێ، یان لە نازناوی ماگنۆسەوە ناونران (Robinson, 2009: 65-66).

پۆمپێ خەڵکی لە گوند و شارۆچکەکانی ئێستا ڕاکێشا بۆ شارە ناوخۆییەکان و زۆرێکیان ئاوەدان کردەوە کە لە شەڕی ڕابردودا وێران بون، ناوبراو بیناسازی لەسەر پایتەختی شاهانەی ئاماسێیا (Amaseia) تەواو کرد کە لەلایەن پاشا میتریداتسەوە ناوی گۆڕدرا بۆ یۆپاتۆریا (Eupatoria) و دواتر دیسانەوە لەلایەن پۆمپێیەوە ناوی گۆڕدرا بۆ ماگنۆپۆلیس (Magnopolis)، پۆمپێ دەستورێکی یەکپارچەی بەم دەوڵەتە شارە نوێیانەدا، کە ناوی لێکس پۆمپیای (lex Pompeia) بو، کە شێوازی دامەزراندنی ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی ناوخۆیی بەڕێوەدەبرد؛ تێکەڵەیەک بو لە حکومەتی یۆنانی و ڕۆمانی، بەپێی نامەیەک کە مێژونوس پلینی بچوک باسی کردوە، بۆ ئیمپراتۆر تراجان (Trajan) ٩٨-١١٧ زایینی دەگەڕێتەوە، ئەم یاسایانەی هاوڵاتیبون لانیکەم دوای سەد ساڵ هێشتا کاری پێدەکران ( Robinson, 2009: 65-66). بەو مانایەی هەر لە ساتی دانانی ئەم یاسایانەوە تا سەردەمی ئیمپراتۆر تراجان و ڕەنگە درەنگتریش هەر بەرکار بوبن.

ئەمەش بەڵگەیە کە ئەو ڕێکخستنەی پۆمپێ ئەنجامیداوە ئەگەر بە ڕەهایش نەبێت، لانیکەم لەلایەن زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە قبولکراو بوە، کە پێمان وایە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی هێزی نەرمی ڕۆمانی، هەرچەندە کارەکانی پۆمپێ سەرەتا لە ڕۆما پێشوازی گەرمی لێ نەکرا، بەو مانایەی ئەگەر بشگوترێت گوزارشت لە سیاسەتی گشتی ڕۆمانی ناکات، لانیکەم دەچێتە هێزی نەرمی کەسی ئەگەر نا پۆمپێ دەیتوانی بڕیار بدات ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕۆماوە بەڕیوە ببرێت، بە تایبەت کە بە زەبری هێزی ناوچەکەی کۆنترۆڵ کرد بو، کەواتە ئەوەی پۆمپێ کردی بەکارهێنانی هێزی نەرمە. وەک (نای) ئاماژەی پێدەکات، مەرج نییە تەنها دەوڵەتەکان بەشداربن، بەڵکو کۆمپانیاکان، دامەزراوەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و تۆڕە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییەکان زۆرجار هێزی نەرمی خۆیان هەیە، تەنانەت تاکە بەناوبانگەکانیش دەتوانن هێزی نەرمی خۆیان بەکاربهێنن بە کردنی بیرۆکەکانیان بە تام و چێژ و قبوڵکراو (٢٠١٥: ١٠٩). بۆیە دەگەینە ئەو بڕوایەی ئەوەی فەرماندەی ناوبراو کردویەتی بە تەواوی پیادەکردنی هێزی نەرم بوە، چونکە ئەو کاتێک ئەم کارەی کردوە کە لە لوتکەی بەهێزی دابوە، ئەو دەیتوانی هەمان شت بکات کە هەندێ سەرکردەی تر کردویانە، بەڵام ئەو پێیوابوە ئیدارەدانی لەلایەن ڕۆما و لە هەمان کات پاراستنی بە هێزی سەربازی ئەستەمە، بۆیە ویستویەتی لە ڕێگەی خزمەتکردن و پێدانی مافی مەدەنی و سیاسی خزمتگوزارییە گشتییەکان سەرنجی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ ڕازیبون لەژێر

سایەی ڕۆمانی ڕابکێشێت، ئەمەش بە گرنگیدان و پەرەپێدانی ژێرخانی شار وەک پلاندانانی شارستانی سیستماتیک لە ڕوی دامەزراوە یاسایی و کارگێرییەکان وکەڵکوەرگرتن لە ئامرازە کولتورییەکانی دیکە.

لە لایەکی تر، مێژوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بە یاریی لە نێوان قایلکردن و هێز لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆما لە لایەک و شار و هەرێمەکان لە لایەکی دیکەوە دیارە. سەردەمی ئیمپراتۆر هادریان دەرفەتێکی باشی تایبەت دەڕەخسێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم کارلێکە، بەتایبەتی کە لە ئاستی شارەکانی ڕۆما و پرۆژەکانی بیناسازی هادریان باس دەکەن، بەشێکیش لەبەر ئەوەی ئەمانە بەردەوامترین و بەرجەستەترین فۆرمی ئیمپراتۆری بون، هەروەها ئاماژە بە پرۆژە ئەندازیارییەکانی وەک بەندەرەکان، ڕێوشوێنی دارایی وەک لێخۆشبونی کاتی یان هەمیشەیی باج و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دامەزراندنی یارییەکان لە شارێکدا دەکەن. بەڵگەکانی بەردەست دەریدەخەن کە زیاتر لە ١٣٠ شار کاریگەری سەرنجی کەسی هادریانیان لەسەر بوە، بێگومان بەخشینەکان و ناوبانگەکەی یارمەتیدەر بو بۆ ڕازیکردنی پارێزگاکانی ڕۆما بۆ هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتی دەسەڵاتدار (Boatwright, 2000: 4-6). کەواتە نمونە و دۆسیەی دوەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆرییەت و ئیمپراتۆر هادریان. گەورەترین پۆلی کارە شارنشینەکانی هادریان ئەوانەن کە پەیوەندییان بە گۆڕانکارییە ماددییەکان لە پێکهاتەی شار و زەوی شارەکان و پرۆژەی ئەندازیاری، وەک ڕێوشوێنی کۆنترۆڵکردنی لافاو و کەناڵە ئاوییەکان، بینای نوێ و ئاوەدانکردنەوە، تەواوکردن، باشترکردنی تەلارسازی، یان ڕازاندنەوەی بینا کۆنەکان (Boatwright, 2000: 108). هادریان بەشدار بو لە دروستکردن، نۆژەنکردنەوە، یان تەواوکردنی بیست پەرستگا و مەزارگە لە هەژدە شاردا، زیادکردنی پەیکەرسازی و ڕازاندنەوەی تەلارسازی بۆ چوار مەزارگەی دیکە لە چوار شاردا، هەروەها کارکردن لەسەر حەوت گۆڕ لە شەش ناوچەی جیاوازدا (Boatwright, 2000: 127). هادریان نوسراوی کورتی (epigrams) بۆ شەش گۆڕی پاڵەوان، شاعیر، یان سەرکردە گەورەکان لە پێنج شاری ئاسیا و ئەخایا و میسردا نۆژەنکردەوە، و ڕازاندەوە یان ئامادەی کرد، ئەمەش پێزانینی خۆی بۆ ڕابردو و دەسەڵاتی پێشوی خۆی وەک لێکدەرەوە و زیندوکەرەوەی ڕاستەقینەی ئەدەب و مێژو نیشاندا (Boatwright, 2000: 140).

ئەگەر ئەم کارانەی باسکران لەگەڵ ئەو تابلۆ (پورترێت) و پەیکەرانەی بۆ ئیمپراتۆرەکان لە شار و هەرێمەکانی ئیمراتۆرییەت هەبون، ببەستینەوە بە ڕەوتەکانی ئەم دواییە لە مێژوی هونەردا ڕۆڵی بینەر وەک بەشداربویەک لە پرۆسەکەدا لێکۆڵینەوەیان کردوە: پەیکەرەکە خۆی تەنها نیوەی چیرۆکەکەیە، وێنەی ئیمپراتۆریش تەنها کاتێک کاریگەر دەبێت کە بینەر ئەو دۆخە ئێستایە قبوڵ بکات کە نوێنەرایەتی دەکات و ئەو پەیامەی کە ئامانجیەتی بیگەیەنێت (Revell, 2009: 83). ئەو پەیکەر و نوسراوانەی کە وێنە و ناوی ئیمپراتۆرەکانی لەسەر بو، زیندو بێت یان مردو، کاریگەرییان هەبوە کە ئامادەیی و بونێکی فیزیکی و دەسەڵاتی ئیمپراتۆر لە چوارچێوەی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی هەر کۆمەڵگایەک بەرهەمهێناوەتەوە، چ لە ڕێگەی کردەی دانانی ئەو یادگاریانە و چ لە ڕێگەی دوبارە سەیرکردنیانەوە، خەڵکی ئەم شارۆچکانە دەسەڵاتی ئەویان قبوڵ کرد، ئایدۆلۆژیاکەیان دوبارە دروستکردەوە، کە ئیمپراتۆر ڕەوا بو کە دەسەڵاتی سیاسی کۆتایی هەبێت، ڕوبەڕوبونەوەی وێنەیەکی لەو جۆرە و دانان بە گرنگییەکەی، دوبارەکردنەوە و شەرعیەتدان بو بەم دەسەڵاتە (Revell, 2009: 89). لێرە وای دەبینین ئەو شتانەی باسکران وەک کولتور ڕۆڵیان هەبوە لە بەرهەمهێنانی هێزی نەرمی ڕۆمانی، ئەوەی ئەستەم بو بە بەردەوامی بە هێزی سەربازی بسەپێندرێت خەڵک لە ڕێگەی ئەمانەوە تا ڕادەیەکی خۆویستانە دەسەڵاتی ڕۆمانیان قبول کردوە. کەواتە پرۆژە کولتورییەکان لە شێوەی بنیاتنانی شار و نمایشی گشتی و فەزای کۆمەڵایەتی گشتیدا بەشێک بون لە سیاسەتێکی ئامانجدار بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی ڕۆمانی.

### ٤.شانۆ و گەرماوەکان وەک فەزای تێکەڵبونی چینایەتی و کولتوری

## ١.٤. شانۆ وەک سەكۆیەک بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی و ڕۆمانكردنی كولتوری

گەورەیی دەوڵەتی ڕۆمانی لە زۆر ڕووەوە دیار بو: كۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، سەربازی، ئایینی، هەروەها لە تەلارسازی و هونەردا ڕەنگدانەوەی هەبو، وەک ڕازاندنەوە و پەیكەرسازی، ڕۆڵ و گرنگی دامەزراوە گشتییەكان لە شاری ڕۆمانیدا لە ڕێگەی دروستكردنی بینا گەورەكان و وێنەی نایاب لەسەر دیوارەكان دەركەوتن دیار بو، هەروەها گەرماو و گۆڕەپانی وەرزشی و یاریگاكان بەربڵاو بون (اليدى و الشيماء، ٢٠١٩-٢٠٢٠: ٦٦).

نمایشە شانۆییەكان لە كۆتایی سەدەی سێیەمی پێش زایین تا ناوەڕاستی سەدەی یەكەمی پێش زایین ڕۆڵێكی كاریگەریان لە سیاسەتی ڕۆمانیدا هەبوە، بە درێژایی ئەم مێژوە سیاسییە دورودرێژەی نمایشە شانۆییەكان، هێزە سیاسییەكان حەزیان دەكرد ئەو نمایشانە بقۆزنەوە، كە لە ماوەی نێوان ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی پێش زایین تا كۆتایی سەدەی دوەمی پێش زایین كۆنترۆڵی چینی سیناتۆرەكان بەسەر یارییەكان و شانۆكەدا ڕون بو، بەڵام لە سەرەتای سەدەی یەكەمی پێش زایین، كۆنترۆڵی یارییەكان و نمایشەكان لە چینی دەسەڵاتدارەوە گواسترایەوە بۆ كەسایەتیە هەڵپەرستە سیاسی و سەربازییەكان (دیاب، ٢٠٢٢: ١٢٢). نمایشە شانۆییەكان بوەتە یەكێک لە كاریگەرییە بەهێزەكان لەسەر بیروڕای گشتی و هەڵوێستە سیاسییەكان، لە ماوەی كۆتایی سەردەمی كۆماری كە ململانێی حزبی و چینایەتی توند بو، بۆ نمونە فەرماندە پۆمپێی شانۆی لە پڕوپاگەندەی سیاسیدا بەكارهێنا بۆ كاریگەری لەسەر خەڵک و پشتڕاستكردنەوەی جەماوەرییەتی خۆی (دیاب، ٢٠٢٢: ١٠٧). هەر لەو چوارچێوەیە فەرماندەی ناوبراو لە ساڵی ٥٩ پێش زایینی بڕیاریدا بە بنیاتنانی یەكەم شانۆی بەردی، كە یەكەم شانۆی هەمیشەیی بەرد بو لە مێژوی ڕۆمانیدا (دیاب، ٢٠٢٢: ١١٤-١١٥).

جگە لە پرسە سیاسییەكان لە شانۆكاندا، جەژنی ئاینی بەڕێوە دەچو، ڕۆڵی ئەوان بریتی بو لە ڕێزلێنان لە شارەكە و خەڵكەكەی، كردنەوەی پڕۆژەیەک یان بینایەكی گشتی، یان یادكردنەوەی هەندێک سەركەوتن، فێستیڤاڵەكانی دراما و پێشبڕكێی گالیسكە و بۆنە جۆراوجۆرەكانی زۆرانبازی لەوێ باو بون و ئامادەبون لەم ئاهەنگانەدا بۆ خەڵكی گشتی بەخۆڕایی بو (قادوس، ٢٠٠٥: ٩٠-٩١). بە درێژایی سەدەی یەكەم و دوەمی زایینی، نمایشی گلادیاتۆر بەشێكی دانەبڕاو بو لە ژیانی ڕۆمانییەكان، شانۆی ڕۆمانی لە هەمو شارە گەورە و مامناوەندەكاندا بەربڵاو بون، خەڵک لە هەمو چین و توێژەكانەوە دەچون بۆ سەیركردنی نمایشی زۆرانبازی، كە لەو سەردەمەدا بە جۆرێک لە كات بەسەربردن دادەنرا و ئیمپراتۆرەكان ئەو نمایشانەیان بەرەوپێش دەبرد بۆ ئەوەی لە پڕوپاگەندەی سیاسیدا بیانقۆزنەوە، هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ خەڵک و نزیكیی خۆیان لە جەماوەر دەردەبڕی (الشامي، ٢٠١٩: ٢٤٠).

هەرچەندە ژیانی هزری ڕۆما لە ژێر كاریگەری شارستانیەتی یۆنانیدا بو، بەڵام بە جیاوازییەكی گەورەتر تایبەتمەند بو، شارستانیەتی یۆنانی پەروەردەكار و مۆدێلی ئەو بو. لە سەردەمی كۆماردا، ڕۆمانەكان بەرهەمە ئەدەبییە یۆنانییەكانیان وەرگێڕا، پێویست بو بۆیان كە ڕۆما بكەنە میراتێكی فیكری كە لەگەڵ مەیلی ناسیۆنالیستی ئەواندا یەكبگرێتەوە و ئەمەش ئەوەیە كە لە كۆتایی سەردەمی كۆمارییەكان و سەرەتای سەردەمی ئیمپراتۆریدا بەرهەمیان هێناوە، چ لە بەرهەمە ئەدەبییەكان یان لە تەلارسازیدا (الشامي، ٢٠١٩: ٨٣-٨٤). كە شانۆكان شوێنی گونجاو بون، شانۆكان جەماوەریان فێری ئەوە دەكرد كە ڕۆمانی بون مانای چییە؟ لە كاتێكدا مامۆستایان و قوتابخانەكان هەمان شتیان بۆ گال كرد، لە كۆڵۆنی ئارلێس (Arles) لە فەرەنسای ئێستا مۆدێرن، لەلایەن یولیۆس قەیسەرەوە لە ساڵی ٤٦ پێش زایین لە باشوری گال وەک كۆڵۆنییەكی سەربازە دێرینەكان بۆ لەشكری شەشەمی هەڵوەشاوە دامەزراوە، تۆڕی شەقامەكانی، شانۆ، سێركی تیادا دروست كران، ئەمەش نمونەیەكی سەرەتایی و بەهێزە (Pascal, 2015: 51-52). شانۆكان كە بە ژمارەیەكی بەرچاو لە

سەرانسەری ڕۆمانی-گالدا دروستکراون و بە شێوەیەک هەموان دەستیان پێدەگات، هەستی پێویستی سەر بە کۆمەڵگەی گۆڕاویان بۆ جەماوەری گال دابیندەکرد. ژمارەی زۆری شانۆکان کە لە سەرانسەری ڕۆمانی-گالدا دۆزراونەتەوە، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە وەک پێکهاتەی سەرەکی شارۆچکە گالییە گەشەسەندوەکان سەیر دەکران، و ئەوە پیشان دەدات کە ڕێژەیەکی بەرزی دانیشتوانی گالیش بەرکەوتەی ئەم فۆرمەی کات بەسەربردنی ڕۆمانی بون و وەریانگرتبو ( Pascal, 2015: 48). بۆیە ئەگەر شانۆی ڕۆمانی لە بنەڕەتدا بۆ چالاکییەکی ئەدەبی بوبێت، ئەوا بۆ چالاکیەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیش بوە، ئەوا ئامانجی دیکەش ئەوە بو کە شانۆ بکرێتە پەیامێکی میدیایی بینراو بۆ ئەوەیساڵانە جەماوەری چینی سیناتۆری دەسەڵاتدار و پێگەی بەرزی کولتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوڵەتی ڕۆما پشتڕاست بکاتەوە، بۆیە ئەم چینە پێداگریان دەکرد بە باشی کۆنترۆڵی نمایشە شانۆییەکان بکەن بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بینەر و پشتڕاستکردنەوەی جەماوەرییەکەیان هەبێت (دیاب، ٢٠٢٢: ١١٦-١١٨).

ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی سودی لە ئاوەدانکردنەوەی دوای جەنگ وەرگرت و توخمە ڕۆمانییە بەرفراوانەکانی لە بینا ناوخۆییەکاندا چاند. سەرکەوتوترین نمونە دروستکردنی چەندین شانۆی ڕۆمانییە لە سەرانسەری نیمچە دورگەی ئیبریا، ئەم بەرهەمە هونەرییە نایابانە خۆشگوزەرانی بێ وێنەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە سەردەمی پاکس ڕۆمانا نیشاندا. توێژەریک ئامانجی ئەم تەلارسازییانە بە بەدەستهێنانی سەرسامی و ئیلهامبەخشی لاسایکردنەوە دەزانێت. شانۆکان و تەلارسازی ڕۆمانی ڕەفتاری سەردانکەران لە قاڵب دەدەن، وایان لێدەکات بە دەوروبەریاندا بگەڕێن، چاویان لێبکەن، سەرسام بن و یادەوەری ئەو شتانە هەڵبگرن بۆ ماڵەوە کە شایەتحاڵی بون، بۆ لاساییکردنەوە. جگە لەوەش بیناسازی شانۆکانیش بوە هۆی بڵاوبونەوەی هونەری ڕۆمانی (Lyu, 2023: 402). کەواتە هێزی نەرم بریتییە لە توانای ڕاکێشان و زۆرجار ڕاکێشان دەبێتە هۆی ڕازیبون. ئەمەش مانای ئەوەیە هێزی نەرم توانای ئەوەیە کە کەسانی تر ئەو شتەیان بوێت یان قبوڵیان بکەت کە تۆ دەتەوێت (Vuving, 2009: 5). توێژەر ڤوڤینگ (Vuving) لە بابەتەکە وردتر دەبێتەوە، دەپرسێت بەو پێیەی هێزی نەرم هێزی ڕاکێشانە، پرسیارەکە ئەوەیە، هێزی نەرم چی پێکدەهێنێت؟ چی سەرنجڕاکێشان دروست دەکات؟ ئەو پێیوایە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بەدوای ئەو دراوە هێزانەدا بگەڕێین کە دەبنە هۆی ڕاکێشان، ناوبراو وای بۆ دەچێت بەلایەنی کەمەوە سێ دراوی گشتی هێز هەیە کە هەم هێز و هەم "نەرمی"یەکەی لێیەوە وەرگیراون، ئەوانیش بریتین لە خێرخوازی (Benignity) درەوشاوەیی (Brilliance) جوانی (Beauty) (2009: 8-10). ئەوەی لێرەدا جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە بابەتی درەوشاوەییە، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، درەوشاوەیی بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەردەخات، بۆ نمونە سەربازییەکی بەهێز و ترسناک، ئابورییەکی دەوڵەمەند و زیندو، کولتورێکی دەوڵەمەند و درەوشاوە، یان کۆمەڵگایەکی ئارام و باش بەڕێوەبردن (Vuving, 2009: 8). وای بۆ دەچین هەمو ئەمانە سەدەی کۆتایی کۆمار و دو سەدەی زایینی ئیمپراتۆرییەت ڕەنگیداوەتەوە. وەک توێژەر ڤوڤینگ دەڵێت: درەوشاوەیی سەرسامی دروست دەکات، کە دەتوانێت ببێتە هۆی هاوشێوەکردن، ترس، یان ڕێزگرتن. درەوشاوەیی دەتوانێت لە ڕێگەی چەندین ڕێگەی جیاوازەوە بۆ هێزی نەرم وەربگێڕێت (2009: 10).

لە کۆتاییدا، بەو پێیەی ئەم شوێنە گشتیانە شوێنی گردبونەوەی خەڵکی گشتی و خاوەن پاشخانی کولتوری جیاوازن، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی تر بۆ نمونە شانۆکان میوانداری چالاکییە ڕۆشبیرییەکانی وەک فێستیڤاڵ، نمایشی هونەری، خوێندنەوەی شیعر...تاد دەکەن، ئەم چالاکیانە ئاسانکاری دەکەن بۆ بەرکەوتن بە کولتورەکانی دیکە، چونکە مەرج نییە ئاڵوگۆڕی کولتوری تەنیا لە دامەزراوە فەرمییەکان سنوردار ڕوبدات، بەڵکو دەشێت لە ڕێگەی کارلێکی ڕۆژانەوەش ڕو بدات، سەرەنجام ڕازیبون بۆ هێزی باڵادەست دێتە کایەوە بەبێ ناچارکردن و بەکارهێنانی هێزی ڕەق.

### ٢.٤.گەرماوەکان[٣] وەک فەزای کارلێکی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی ناسنامەی کولتوری

گەرماوەکان یەکێکن لە گرنگترین دامەزراوەکان کە جێگەیەکی تایبەتی لە ژیانی ڕۆژانەدا داگیرکردوە، و پێویستییەکی گشتی گەلی ڕۆمانی بو، هەروەها لای ئەوان شوێنێکی پیرۆز بو بەهۆی پەیوەندیی بە خواوەندی پزیشکییەوە کە ڕێگە بە خۆشۆردن و پاراستنی تەندروستی دەدات، جگە لەوە تەنها بۆ خۆشۆردن نییە، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک ڕێوڕەسمیشە، وا پێکهاتوە بۆ کۆمەڵێک ئەرک، کە تێیدا وەرزشی جەستەیی، خۆشۆردن، خوێندنەوە، کۆبونەوە، خواردن، مامەڵەی بازرگانی و نمایشی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، هەمو ئەم چالاکییانە لە شوێنی تایبەت و بەر فراواندا ئەنجام دەدرێن و چونە ژورەوە بەخۆڕاییە و لە هەندێک حاڵەتدا هەندێک پارە لە شێوەی ڕەمزی (الرسوم) وەردەگیرێت، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گەرماوەکان ناوەندێکی کات بەسەربردن بون لە شارستانیەتی ڕۆمانیدا، بەخشین و دیارییەکی فەرمانڕەوا و ئیمپراتۆرەکان بون بۆ خەڵک بە مەبەستی سەرنجڕاکێشان، بۆیە بەڕوی هەمو تاکەکانی گەل کرانەوە. (زعبار، ٢٠٢٣: ١٢٨).

گەرماوەکان گەشەسەندنێکی بەرچاو و گرنگییەکی تایبەتی لە تەلارسازی ڕۆمانیدا بەدەستهێنا، چ لە سەردەمی کۆماری و چ لە سەردەمی ئیمپراتۆریدا، ئەم گەرماوانە بە پلەیەکی بەرزی وردبینی تایبەتمەند بون، و یەکێکن لە نێو ئەو بینایانەن کە زۆرترین ئاماژەیان بۆ شارستانیەتی ڕۆمانی هەیە (قادوس، ٢٠٠٥: ١٩٠) ڕۆڵێکی گرنگی هەبو لە ژیانی کات بەسەربردن و کولتوری تاکی ڕۆمانی لەناو کۆمەڵگاکەیدا و خزمەتگوزارییەکانی تێدا هەمەچەشن بون (مروی، ٢٠١٤: ١٨٥). هەر لە ناو گەرماوەکاندا مەلەوانگە و باخچە و کتێبخانە و هۆڵی وەرزش و هۆڵی ئاهەنگ و مەساجخانە و دوکان و شوێنی کۆبونەوەی فەیلەسوف و شاعیرانی تێدابو. بەم شێوەیە گەرماوەکان بو بە جۆرێک لە یانەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری (فداء، ٢٠٠٩: ٧٩). ئەمەش مانای بەریەککەوتن و ئاشنابون بە کولتوری دیکە دەگەیەنێت، لە ئەنجامدا سەرسام بون و لاسایکردنەوەو ڕازیبون دێنێتە ئاراوە.

کردنەوەو دروست کردنی شوێنی خۆشی و ڕابواردن وەک گەرماو و شانۆ...تاد لە نزیک سەربازگەکان، دەگەڕێتەوە بۆ حەسانەوەی سەربازەکان، چونکە پشودان گوزارشتە لە ماندوبون و پێویستی بە هەناسەدان، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت بەردەوام بێت لە ژیان لە ژێر هەلومەرجی زۆر سەختدا بۆ ماوەیەکی زۆر کاربکات، هەروەها دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و توندوتیژی، لەهەمان کاتدا ئامادەکارییە بۆ پێکداادان و بەریەککەوتنی نوێ (تقي الدين، ١٩٨٦: ٥١). هەمیشە مرۆڤەکان زیاتر مەیلیان بۆ قبوڵکردنی گۆڕانکاری دەبێت کاتێک سودی کەسییان پێدەگەیەنێت، وەک یەکسان لە سیستەمی نوێدا بیانناسێت (ئەگەر لە سەرەتادا نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە بە تێپەڕبونی کات)، و کاتێک لەلایەن بریکارێکەوە دەهێنرێت کە ناسنامەیەکی کولتوری و ئابوریی ناچارکەری هەبێت (Pascal, 2015: 1-2). بەم پێیە هێزی نەرم جیاوازە لەگەڵ هێزی ڕەق، هێزی نەرم بریتییە لە توانای کاریگەریکردن لەسەر ڕەفتاری کەسانی دیکە بە کاریگەریکردن لەسەر ئارەزوەکانیان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هێزی ڕەق بریتییە لە توانای کاریگەریکردن لەسەر ڕەفتاری کەسانی دیکە بە گۆڕینی بارودۆخەکانیان (Vuving, 2009: 6). بۆیە کولتور بەشێکی گەورەی هێزی کاریگەری و ڕاکێشانی هەیە، توانای وڵاتێکە بۆ ڕاکێشان و وروژاندن بە مۆدێل و بەها و شێوازی ژیانی (العزاوي، ٢٠٢٢: ٩٧-٩٨). پێدەچێت ڕۆمانەکانیش لە گرنگیدان بە شوێنەکانی کات بەسەربردن و شوێنە گشتییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی کولتور و بەها و نمایشکردنی ژیانی خۆیان بو بێت، دواجاریش ملکەچکردنی خەڵک.

گۆڕانی کۆمەڵگای هەرێمەکان دەتوانین وەک دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی ڕۆمانەکان سەیر بکرێت، بەشێکی لە ڕێگەی لێشاوی ڕۆمانەکان (سەرباز، بەڕێوەبەر، بازرگان و دانیشتو) بۆ ناوچەیەکی تازە داگیرکراو، هێنانی

دابونەریت و کولتورەکانیان لەگەڵ خۆیان، بەشێکیش لە ڕێگەی بەشداری چالاکانەی دەوڵەتی ڕۆمانی لە بەرەوپێشبردنی گۆڕانی کولتوری (Morley, 2010: 105). ئەمەش بێ دەرئەنجام نەبو، بۆ نمونە لە سەدەی سێیەمی زایینیدا کەسێکی گالی، ئیسپانی، پانۆنی، بیتینی، سوریەک خۆی بە ڕۆمانی ناودەبرد و بۆ هەمو مەبەستێکی پراکتیکی ڕۆمانی بو. بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆریەت بەرژەوەندییەکانی ئەو بو، ناوبانگ و شکۆمەندیەکەی شکۆمەندی ئەو بو (Morley, 2010: 106). سەرەڕای ئەوەش، کاریگەریی دەسەڵاتی ڕۆمانی لە زۆربەی ناوچەکاندا ئەوە بو کە هەرێمەکان ڕابکێشێتە ناو کولتور و شێوازێکی ژیانی هاوبەشەوە و بەرزیان بکاتەوە بۆ ئاستێکی بەرزتری ئاستی ژیان و هەستێکی پاڵاوتەتر و ڕێگەدان بە بەشداریکردنیان بە تەواوی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیمپراتۆریەتدا (Morley, 2010: 109).

ئەوەی ماوەتەوە بگوترێت ئەوەیە: لە کاتێکدا سیاسەتی کولتوریی ڕۆمانەکان وەک دەوڵەتە مۆدێرنەکان بەڵگەنامەی سیاسی و فەرمی و یاساییان لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشتوە، بەڵام دەتوانین لە ڕێگەی پراکتیک و دامەزراوە و بڕیارە سیاسی، هونەری و ئاینییەکانیانەوە کە کاریگەرییان لەسەر کولتوری ناوچە ژێردەسەکان هەبوە، لە سیاسەتی کولتوری ئەوان تێبگەین. هەمو ئەوانە، وێنەیەکی مێژوویی تازەمان پێ دەبەخشێت، کە دەتوانین تێبگەین، ئەوەیە بە گشتی ئەو فۆرمە کولتوریانەی کە لەم باسەدا قسەیان لەسەر کرا، وەک بەشێکی هێزی نەرم لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕۆمانیدا دەبینرێن، کە هەمویان تەواکەری یەکتر بون لە چەسپاندنی دەسەڵاتی ڕۆمانی بە شێوەیەکی ناتوندوتیژی، ئەگەرچی بەبەراورد بە هێزی ڕەق کاتی زۆری خایاندوە و بە هێواشی و نەرمی کاری کردوە، بەڵام بە دڵنیایی لە دور مەودا کاریگەری هەبوە لە بڵاوکردنەوەی بەها کولتورییەکانی ڕۆمانی و بە ڕۆمانیکردنی دەستەبژێرە ناوخۆییەکان، هەستکردن بە ناسنامەیەکی هاوبەش و قبوڵکردنی سیستەمی سیاسی ڕۆمانی.

**ئەنجامەکان:**

دەتوانرێت ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم بوارانەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە:

-سیاسەتی کولتوری ئامرازێکی کاریگەری دەسەڵات بوە لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕۆمانیدا، بەو مانایەی ڕۆما ستراتیژی سیاسی خۆی هەبو، کە بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی فراوان و باڵادەستی مسۆگەر دەکرد، ئەویش پێویستی بەوە بو پشت بە سەرچاوەی هێزی نەرم ببەستێت، بۆیە ئامرازە کولتورییەکانی وەک شار و دامەزراوە گشتییەکان وەک بەدیلێکی کاریگەر بۆ هێزی ڕەق کارییان دەکرد.

-سەرزەمینی شار و شێوازی دروست کردنەکەی وایکرد شارنشینی ئامرازێکی کاریگەر بێت بۆ گواستنەوەی مۆدێلی ڕۆمانی و ئاشناکردنی دانیشتوان بە دەسەڵاتی ناوەندی. دیزاینە شارییە ڕۆمانییەکان لەوانەش: شەقامەکان، پەرستگاکان، گۆڕەپانەکان ڕەنگدانەوەی مۆدێلێ ڕۆمانی بون کە لە خاکە داگیرکراوە دورەکاندا بەرهەم هێنایەوە، بەمەش هەستێکی سەر بە یەک ناسنامە و شارستانییەتی بە دانیشتوانەکانیان بەخشی. ئەم پرۆسەیەش تەنیا فیزیکی نەبو، بەڵکو کولتوری-سیاسیش بو.

-شانۆ ڕۆڵی هەبو لە بڵاوکردنەوەی ئەدەب و بەها ڕۆمانییەکان و شکۆمەندکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی نمایشە هونەرییەکانەوە کە زۆرجار هەڵگری پەیامی سیاسی بون، کێبڕکێ و گرنگیدانی فەرمانڕەواکانی ڕۆمانی بە دروست کردنی شانۆکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن، هەروەها شانۆکان وەک هێزی نەرم سەرکەوتو بون لە ڕەخساندنی فەزایەک کە لە ڕێگەی تێکەڵبون و کات بەسەربردن، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئینتمای بۆ ڕۆما دروست کرد بەبێ ئەوەی پەنا بۆ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازی ببرێت.

-بەو پێیەی گەرماوەکان تەنها شوێنی خۆشۆردن نەبون و بۆ هەمو چین و توێژەکان کراوە بون، بۆیە ئامرازێکی کاریگەر بون بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان هاوڵاتیان و دانیشتوانی ناوچەکە بە گشتی، و فەزایەک بو بۆ بڵاوکردنەوەی شێوازی ژیانی ڕۆمانی، ئەمەش ڕۆڵیان هەبو لە دروستکردنی دڵسۆزی و ناسنامەیەکی هاوبەش. لەبەر ئەوەی ئەم دامەزراوانە تەنیا بۆ خزمەتگوزاری یان خۆشگوزەرانی نەبون، بەڵکو وەک میدیای سیاسی بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیامی دەسەڵات و شارستانیەتی ڕۆمانییان دەگەیاند.

### ٦.لیستی سەرچاوەکان:


هێیود، ئاندرو (٢٠٠٧) تیۆری سیاسی، وەرگێڕانی: گۆڕان سەباح، دەزگای ئاراس، هەولێر.

ئەحمەد، جوتیار (٢٠٢٠) هەژمونی کلتوری شارستانییەت لە بنارەکانی زاگرۆسەوە بۆ قوڵایی مێسۆپۆتامیا، چاپخانەی کارۆ سلێمانی.

تقي الدين، رياض (١٩٨٦) نافذة على الفكر العسكري، دار النهار للنشر، بيروت.

داوني، جلانفيل (١٩٦٧) انطاكية القديمة، ترجمة وتقديم ابراهيم نصحي، دار نهضة مصر، القاهرة.

دياب، يسرى عبدالحكيم خليفة (٢٠٢٢) "المسرح أداة سياسية دعائية مع منتصف القرن الأخير من الجمهورية الرومانية" مجلة جامعة مصر للدراسات الأنسانية، مجلد ٢، عدد ٤، ص ١٠٧-١٥٦.

رباح، عبدالحفيظ و بشاري، محمد الحبيب (٢٠٢١) "الاستيطان اليولوكلاودي في افريقيا البروقنصلية اواخر العصر الجمهوري و بداية الامبراطوري" المجلة العربية للابحاث و الدراسات في العلوم الانسانية و الاجتماعية، مجلد ١٣، عدد ١، ص ٩٧٨-٩٩٥.

رحماني، بلقاسم (٢٠٠٩) "أثر الاستعمار الروماني في الجوانب الثقافية والاجتماعية في بلاد المغرب القديم" مجلة كلية الآداب والعلوم الإنسانية، العدد ٢، ص ١-٢٦.

زعبار، توفيق (٢٠٢٣) "الحمامات الرومانية القديمة بين النظام املعماري والوظيفة. مجلة المقدمة للدراسات إلانسانية والاجتماعية" مجلد (٨)، عدد (١)، ص ١٢٧-١٤٠.

الشامي، أنس أحمد (٢٠١٩) تاريخ المسرح الروماني وظيفته ٢٠٠ ق.م – ٣٣٠ م، اطروحه الدكتوراه، جامعة دمشق.

الطيب، قديم (٢٠١٨) ا"لمدن السورية ودورها السياسي والاقتصادي في الفترة الرومانية " أنطاكية وتمرر نموذجا"، مجلة العلوم الإسلامية والحضارة، عدد ٧، ص ٣٦٥-٣٨٢.

العزاوي، عقيد خالد حمودي (٢٠٢٢) القوة الناعمة والتحديات السياسية. مجلة كلية مدينة العلم، المجلد ١٤، العدد ٣، ٩٢-١٠٥

العقيبي، عادل علي سليمان محمد (٢٠١٨) مفهوم القوة في العلاقات الدولية ١٩٩١-٢٠١٧ (المنظور الامريكي دراسة حالة)، أطروحة ماجستير ، جامعة الشرق الاوسط: كلية العلوم السياسية.

فداء، حسين أبو ديسة (٢٠٠٩) تاريخ الفن عبر العصور، ط١، مكتبة المجتمع العربي، عمان.

قادوس، عزت زكي حامد (٢٠٠٥)، مدخل إلى علم الآثار اليونانية والرومانية، الحضري للطباعة، الإسكندرية.

مجموعة من الكتاب (١٩٩٧) نظرية الثقافة، ترجمة: د. علي سيد الصاوي، عالم المعرفة، الكويت.

محمد، سنوسي و محمد، كاكي (٢٠٢١) "السياسة الادارية الرومانية بموريطانيا القيصرية خلال العهد الامبراطوري الأعلى. مجلة دراسات إنسانية واجتماعية" مجلد ١٢، عدد ٣، ص ٤٤١-٤٥٢.

المرابط، علاء. (٢٠١٧) "أنواع القوة في النظام الدولي، مجلة شؤون أستراتيجية" عدد ١، ص ١٢٣-١٤٧.

مروى، عصام صالح (٢٠١٤) التاريخ والثقافة المعمارية، ط١، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، اردن.

ناي، جوزيف (٢٠٠٧) القوة الناعمة وسيلة النجاح في السياسة الدولية، ترجمة: محمد توفيق البجيرمي، مكتبة العبيكان، الرياض.

ناي، جوزيف (٢٠١٥) مستقبل القوة، ترجمة: أحمد عبد الحميد نافع، الطبعة الأولى، للمركز القومى للترجمة، القاهرة.

وديع، مخلوف (٢٠٢٢)، توظيف القوة الناعمة في السياسات الخارجية للقوى الصاعدة: دراسة حالة الهند، اطروحة دكتورا، جامعة ٨ ماى ١٩٤٥ قالمة.

اليدى، بعيط نور و الشيماء، تقار (٢٠١٩-٢٠٢٠) مرافق المدينة الرومانية في بلاد المغرب القديم "جميلة نموذجا"، اطروحه دكتورا، جامعة الشيد حمو لخضر – الوادي.

Boatwright, Mary T. (2000) Hadrian and the cities of the Roman Empire, Princeton University Press, Princeton and Oxford.

Garnsey, P., Saller, R., & Elsner, J. (2015) The Roman Empire: economy, society and culture, University of California Press, Oakland, California.

Lyu, J. (2023), "The Soft Power Exertion of the Roman Empire in the Pax Romana Period": The Cases of the Iberian Peninsula and Southeast Asia. Advances in Education, Humanities and Social Science Research, 4(1), pp.401-405.

Morley, N. (2010) The Roman Empire: roots of imperialism. Pluto Press.

Nagal, J. (1998) Constructing Ethnicity, New York University Press, New York.

Napoli, J. (2023), " Soft Power" in the Roman Empire? A Reassessment of Cicero's" Vis Benevolentiae" Through Contemporary Political Science. Brief Encounters, 1-11.

Orlin, E.M. ed. (2021) A Social and Cultural History of Republican Rome, John Wiley & Sons, United States.

Pascal, C.J. (2015) Imperial policy and the integration of Gaul into the Roman Empire. (Doctoral dissertation, Fort Leavenworth, KS: US Army Command and General Staff College).

Pelgrom and Weststeijn. (2020) Introduction: Settler Colonies between Roman Colonial Utopia and Modern Colonial Practice. Pelgrom and Weststeijn, (Editors). The Renaissance of Roman Colonization Carlo Sigonio and the Making of Legal Colonial Discourse, Oxford University Press, United Kingdom, pp (1-24).

Robinson, Joshua John. (2009), Pompey's Organization of the East. Thesis (MA). University of Central Florida.

Roselaar, Saskia T. (2016) State-Organized Mobility in the Roman Empire: Legionaries and Auxiliaries. Luuk de Ligt and Laurens E. Tacoma (Editor) In Migration and Mobility in the Early Roman Empire, Brill, Leiden and Boston (pp. 138-157).

Skelton, T and Allen (1999) Culture and Global Change, Routledge, London.

Vuving, A. (2009), "How soft power works", SSRN Electronic Journal, 1–19.

Ward, G.A. (2012) Centurions: the practice of Roman officer ship. Thesis (PHD), University of North Carolina.

## ٧.پەراوێزەکان:

١- پرۆفیسۆر جۆزیف ناي، یەکێکە لە دیارترین تیۆریست و بیرمەندانی ئەمریکی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وەک یاریدەدەری وەزیری بەرگری بۆ کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی و سەرۆکی ئەنجومەنی هەواڵگری نیشتمانی و جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە کاری کردوە. ئەو تیۆری "هێزی نەرم"ی دارِشتوە، کە بیرکردنەوەی بڕیاردەر و زانایانی سیاسی لە ئەمریکا و جیهاندا لە قاڵبداوە و پێگەیەکی ناوازە و بێهاوتای پێبەخشیوە. لە زانکۆی هارڤارد لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا ئەم زاراوەیەی (هێزی نەرم) داهێنا و لە ساڵی ١٩٩٠ لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی سیاسەتی دەرەوەدا بڵاویکردەوە، ناوبراو خاوەنی چەندین بەرهەمە وەک: مستقبل القوة - القوة الناعمة- فهم النزاع الدولي- قوة القيادة- وثبة نحو القيادة: الطبيعة المتغيرة للقوة الأميركية.

٢- ئەم شار و کۆلۆنیانە هەم لە ڕوی ناو و مەبەستی دامەزراندن و دانیشتیوانەکەییەوە هەم لە ڕوی گرنگی و پێگەی ستراتیژییەوە جیاواز بون، وەک: کۆلۆنیەکانی هاوڵاتی ڕۆمانی، کۆلۆنیەکانی لاتین، کۆلۆنیەکانی سەربازانی تەسریحکراو، شارەوانییەکانی ڕۆمانی، شارەوانییەکانی لاتینی، شارە ئازادەکان...تاد بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە (رباح و بشاري، ٢٠٢١: ٩٨٠-٩٨٣).

٣-گەرماوەکان: بە گشتی گەرماوەکان دو جۆری سەرەکی بون ئەوانیش تایبەتی و گشتی، ئەوەی لەم توێژینەوەیە هەڵوەستەی لەسەر کراوە گەرماوە گشتیەکانن، کە ئەوانیش بە پێی ئەرکەکانیان جیاوازبون، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە، (زعبار، ٢٠٢٣: ١٣٠-١٣١).